له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# ئامۆژگاری

## ئەو بەرپرسیاریێ هاوبەشەیە لە كاری بانگەوازیدا

بە پێنووسی

زانای فەرمووده ناس

**ربيع بن هادي عمير المدخلي**

سەرۆكی پێشووی بەشی سوننە لە جامیعەی ئیسلامی لە مەدینەی مونەووەرە

وەرگێڕانی

م. كامـــران خالـــــــــــد

أبو عبدالرحمن المظفري

إمام ءخطيبي مزگەوتی خديجة الكبرى

پێداچونەوەی

م/ عبدالكريم محمد

-----------------------------------------------------------------

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالْح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی مامۆستای بەڕێزو خۆشەویست م. عبدالكريم محمد

إِنَّ الحمْدَ لِلهِ، نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعينُهُ، وَنَسْتَغفِرُهُ، وَنَعوُذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهدِهِ اللهُ فَلَا مُضِلَ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلَا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ لَا إِلهَ إِلَّا الله وَحدَهُ لَا شَريكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ ( ﷺ ).

أمابعد: فإنَّ أصْدَقَ الحَدِيثِ كِتَابُ اللهِ وأحْسَنَ الهَدِي هَدِيُ مُحْمَّد (ﷺ) وَشَرَّ الأمُورِ مُحْدَثَاتُها وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَاَلَة وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ.

لە پاشاندا:-

خوێنەرانی خۆشەویست: ئەم نووسراوەی بەردەستتان کە بریتی‌یە لە نوسینی زانای بە ناوبانگ لەم ڕۆژگارەدا(شيخ ربيع بن هادي) خوای گەورە تەمەنی درێژ بکات لە سەر خێر بۆ خزمەت کردنی بانگەوازی سەلەفی صالح، کە دەربارەی ئامۆژگاری خێر نوسیوێتی بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵەسن بە جیَ بەجیَ کردنی ئەرکی سەر شانیان کە بریتی‌یە لە ئامۆژگاری خێر، واتە فەرمان کردن بە چاکەو قەدەغەکردن لە خراپە، پاشانیش برای بەڕێزو خۆشەویستم (م. كامران خالد) هەستاوە بە وەرگێڕانی بۆ سەر زوبانی کوردی تا نەتەوەکەی ئێمەش سودی لیَ وەربگرن، خوای گەورە پاداشتی خێری هەمومان بداتەوە.

ئیمامی حەسەنی بەصری رەحمەتی خوای لیَ بێت فەرموویەتی: بەردەوام کەسانێك بوونیان هەیە کە لە بەر ڕەزامەندی خوا ئامۆژگاری خێر ئەکەن، ئامۆژگاری خێر ئەکەن

لە ناو بەندەکانی خوادا تەنها مەبەستیان ڕەزامەندی خوایە، ئامۆژگاری بەندەکانی خـوا ئەکەن بۆ جیٚ بەجیٚ کردنی مافەکانی خوا بەسەریانەوە کە بریتیە لە پەرستنی خـوا بـە حەق وە بە گوێرەی شەرعی خوا، کردەوەی چاك ئـەنجام ئـەدەن بـە ئامۆژگـاری خێـر، ئەو کەسانە خەلیفەی خوان لەسەر زەویـدا بـۆ بـلاٌو کردنـەوەی ئیسـلام بـە شـێوەیەکی پوختو جوان[1].

ئامۆژگاری خێر ناو کرۆکەی دینی ئیسلامە، بەڵگـە بەخشـینی خێـرو خۆشەویسـتیە بـۆ خەڵکیو پاراسـتنیانە لـە هـەموو خراپـەو ناشـەرعییەك، بـونی ئامۆژگـاری خێـر لـە نـاو خەڵکیدا هۆکارێکە بۆ زیادبونی دۆستی دلسۆزو ڕاستگۆ.

ئامۆژگاری خێر دەبێتە هۆی چاك بونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە بـەر ئـەوەی چـاکەی تێدا ئاشکرا دەبێت و خراپەی تێدا نامێنێتو کە ئەبێتەوە.

ئامۆژگاری خێر ئەبێتە هۆی درووست بونی خۆشەویستیو بـەزەی لـە نـاو خەڵکیـداو نەمانی دڵ ڕەقیو دوژمنایەتی لە نێوانیاندا، جـا هـەر کەسـێك بـە شـێوەیەکی شـەرعی ئامۆژگاری خێری خەڵی بکات و مەبەستی ڕەزامەندی خوابێت شایستەی ڕێـز لیٚ گرتنـە، نەك سەرزەنشت کردنیو قسەی خراپ پیٚ وتنی، لە بەر ئەوەی ڕون کردنەوەی هەڵـەی هەڵەکاران لە هـەر بابەتێکدا ــ ئەگـەر چـی پیـان نـاخۆش بێـت ــ لـە ئامۆژگاریـیـە فەرزەکانە نەك وابزانرێت کە(غەیبەتو حەرامە).

---

[1] بصائر ذوي التمييز في لطائف كتاب العزيز (٦٧،٦٨/٥) للفيروز آبادى.

**لە کۆتایدا:ـ** داواکارم لە ـ الله ـ یارمەتیمان بدات بۆ خوێندنەوەی ئەم نوسراوەو نوسراوە پاکەکانی هاو شێوەی‌و کردەوەی پیٚ بکەین تا بەختەوەری بەدست بهێنین إن شاء الله.

وصلَّى اللَّهُ عَلَى نبيِّنا مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّم .

براتان : م. عبدالكريم محمد قادر

إمام وخطيبى مزگەوتی ئیمان

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی وەرگێڕ

إِنَّ الحمْدَ لِلهِ، نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعينُهُ، وَنَسْتَغفِرُهُ، وَنَعوُذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهدِهِ اللهُ فَلَا مُضِلَ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلَا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ لَا إِلهَ إِلَّا اللهُ وَحدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ ( ﷺ ).

لە پاشاندا:-

گومانی تیانییە کە ئامۆژگاری مافیکە لە مافەکانی برایەتی، بەڵکو بەڵگەی برایەتی ڕاستەقینەیە بەدەربڕینی هەرشتێك کە دەبێتە مایەی چاکەی ئەو برایەی ئامۆژگاری دەکەی بۆ دونیاو قیامەتیشی، هەر وەك لەو پەندەدا هاتوە: (هەر کەسێك خۆشتی بوێت نەهیت لیٚ دەکا، وەهەرکەسێکیش بت بوغزێنێت لە خۆ بایت دەکا)، جا تۆ قسە لەوە وەرگرە کە ئاگادارت دەکاتەوە لە تیاچوونو وە لەوەی خەمو خەفەت داتگریٚ، وە وریابە لەو کەسەی کە هەرچیت کردو هەرچیت وت بێت بڵیٚ قەیناکە گویٚ مەدە.

وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی ئامۆژگاری مافێکە لە مافەکانی برایەتی حەدیسی أبو هريرة ـ خوای لیٚ ڕازی بێت ـ دەفەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: ((حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ سِتٌّ ))، قِيلَ مَا هُنَّ يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ؟، قَالَ: (( إِذَا لَقِيتَهُ فَسَلِّمْ عَلَيْهِ

**وَإِذَا دَعَاكَ فَأَجِبْهُ وَإِذَا اسْتَنْصَحَكَ فَانْصَحْ لَهُ وَإِذَا عَطَسَ فَحَمِدَ اللَّهَ فَشَمِّتْهُ وَإِذَا مَرِضَ فَعُدْهُ وَإِذَا مَاتَ فَاتَّبِعْهُ))**[١].

**واتە: (مافی موسڵمان بەسەر برای موسڵمانیەوە شەشە)، ووترا: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چین ئەو مافانە؟، فەرمووی: ((**

**١- کاتێك پێی گەیشتی سەلاَوی لێکە.**

**٢- وە کاتێك دەعوەتی کردی بەدەم دەعوەتەکەیەوە بچۆ.**

**٣- وە ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێکردی ئامۆژگاری باشی بکە.**

**٤- وە ئەگەر پشمیو حەمدی خوای کرد تۆش بێی بڵی خوا ڕەحمت لێ بکات.**

**٥- وە ئەگەر نەخۆش کەوت بەسەریکەوە.**

**٦- وە ئەگەر کۆچی دوایی کرد دووای جەنازەکەی کەوە)) .**

**وە لە ( تميم ) ی کوڕی ( أوس الداري )ەوە خوای لێ ڕازی بێت، دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت:((الدِّينُ النَّصِيحَةُ – ثلاثاً – قُلْنَا: لِمَنْ؟ قَالَ: لِلَّهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ))**[٢].

---

[١] البخاري (١٢٤٠)، ومسلم (٢١٦٢)، وأبو داود (٥٠٣٠)، والنسائي في (الكبرى ١٠٠٤٩)، وأحمد (٣٧٢/٢، ٤١٢)، والبيهقي في (السنن الكبرى ٣٤٧/٥ح ١٠٦٩١)، و(شعب الإيمان ٥٢٩/٦ح ٩١٦٧).

[٢] رواه مسلم (٧٤/١ رقم ٥٥)، وأحمد (٢٩٧/٢ رقم ٧٩٤١)، وأبو داود (٧٠٤/٢ رقم ٤٩٤٤)وغيرهم.

واتە: (دین ئامۆژگارییە – سیَ جار ئەم ووتەیەی دووبارە کردەوە – ووتمان: بۆ کێیە؟.

فەرمووی: بۆ خواو بۆ پەرتووکەکەی خواو پێغەمبەری خواﷺ و پێشەوایانی موسڵمانانو سەرجەم خەڵکی).

جا ئامۆژگاری بۆ خوا ئەوەیە کە مرۆڤ هەردەم یادو زیکری خوا بکات، بە دڵو زمانو سەرجەم ئەندامەکانی، وە هەروەها لە ئامۆژگاری بۆ خوا ئەوەیە غیرەتی بۆ خوا بێتە جۆش، غیرەتی بجۆڵیَ کاتێك سنوورەکانی خوا بەزێندرا، هەر وەك پێغەمبەرﷺ کە قەت بۆ زاتی خۆی تۆڵەی ناسەند خەڵکی هەرچیەکیان پیَ بووتایە، بەلاّم کاتێك سنوورەکانی خوا ببەزێندرایە بەوەی حەرامێك بکرایە توورە دەبوو ڕوخساری دەگۆڕاو تۆڵەی دەسەند لەو کەسەی کە سنوورەکانی خوای دەبەزاند، وە لە ئامۆژگاری بۆ خوا ئەوەیە کە دینەکەی بپارێزی، بەوەی فێڵو تەڵەکەی فێڵبازان هەڵ بوەشێنیتەوە، بەر پەرچی خوانەناسانو مولحیدەکان بدەیتەوە ئەوانەی کە دینی خوا وەك تەوقو کۆتێك نیشان دەدەن، بەوەی ئازادی خەڵکی کۆت دەکات، بەلاّم لە ڕاستیدا ئەوەی ئەوان کۆت کردنی ئازادییە، چونکە بەڕاستی مرۆڤ دەبیَ بە خواوە خۆی ببەستیَ، وە بۆ خوابێت وە لە بەر دینی خوابێت، وە هەرکەسێك وانەبێت ئەوە خۆی بە شەیتانەوە بەستۆتەوە وەلەسەر هەنگاوەکانی شەیتان دەڕوات، چونکە نەفسی مرۆڤ هەردەم هاندەرن وە هیچ نەفسێك بیَ هاندەر نابیَ، یان هانی دەدا بۆ چاکە وە یان هانی دەدا بۆ خراپە.

جا زانای پایەبەرز إبن القیم جوانی وتووە کاتێك لە نونیە بەناوبانگەکەی دەفەرمووێت:

هَرَبُوا مِنْ الرِّقِ الَّذِي خُلِقُواْ لَهُ   وَبَلَوا بِرِقِ النَّفْسِ والشَّيطَانِ

ڕایان کرد لەو بەندایەتیەی کە بۆی خولقێندرابوون، ئەو بەندایەتیە چی بوو کە بۆی خولقێندراین؟ بەندایەتی کردنی خوای تاكو تەنهایە، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾ [الذاريات: ٥٦] .

بەلاّم ئەوان لە بەندایەتی کردنی خودا هەلاّتن کە ئەمە تەواوی ئازادیو تەواوی بەختەوەری مرۆڤە بۆ بەندایەتی کردنی نەفسو شەیتان .

بە هەر حالێ مرۆڤ بەندایەتی بۆ خودا ئەکات نەك بۆ نەفسو شەیتان، تاوەکو لەو کۆتانە ئازادبێ کە زیانی پێ دەگەیەنێتو قازانجی پێ نابەخشێت.

وە ئامۆژگاریت بۆ کتابی خوا بەوە دەبێت کە سەرجەم هەواڵەکانی پشت ڕاست بکەیتەوەو باوەڕی بێبکەی، وە بەرگری لێ بکەی، وە بی پارێزی لەو کەسانەی کە واتاکەی دەشێوێنن، وە خوا خۆی کەفیلە بەوەی قورئان دەپارێزێ: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾﴾ [الحجر: ٩].

وە ئامۆژگاریت بۆ کتابی خوا ئەوەیە کە واتاکەی لە ناو خەڵکی بلاّو کەیتەوە، واتایەکی ڕاستو درووست دوور لە تێکدانو شێواندنو گۆڕین.

وە باوەڕت بەوە بێت کە قورئان کەلامی خوایە بە حەقیقی خودا خۆی قسەی بێ کردوە بە پیتو بە واتاکەی، لەفزو ماناکەی هی خوایە خۆی قسەی پێ کردوە وە جوبریلعليه السلام لێی وەرگرتوە پاشان دایبەزاندووە بۆ محمدﷺ، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾﴾ [الشعراء: ١٩٢-١٩٥].

وە ڕێز لە قورئان بگری بەوەی بە لەشی پاکەوە هەڵی گری بەدەسنوێژەوە، وە لە جێگای پیس ناشیاو دای نەنێت، وە فڕێی نەدەیتە ناو زبڵخان کە بەداخەوە زۆر جار دەبینین کتابی ئایین کە لە خوێندنگاکان دەدرێتە قوتابیان لە زبالەکان فڕێ دراون کە ئەمە بەڕاستی جەریمەیەکی یەجگار گەورەیە خۆ ئەگەر بەدەستی ئەنقەست هەر کەسێك بیکا ئەوە پەنا ئەگریین بەخوا کافر دەبێت.

وە ئامۆژگاریت بۆ پێغەمبەری خواﷺ بەوەیە کە باوەڕ بە پەیامەکەی بێنیت بەوەی کە خودا بۆ سەرجەم درووست کراوانی ڕەوانە کردووە عەرەبو عەجەمی، بەڵکو بۆ مرۆڤ و جنۆکە، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَأَرْسَلْنَٰكَ لِلنَّاسِ رَسُولًا﴾ [النساء: ٧٩]، وە هەروەها دەفەرمووێت: ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ لِيَكُونَ لِلْعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ﴿١﴾﴾ [الفرقان: ١]، وە هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠٧﴾﴾ [الأنبياء: ١٠٧]، جا ئایەت زۆرە لەم بارەیەوە.

وە ئامۆژگاریت بۆ پێغەمبەری خواﷺ بەوەیە کە هەواڵەکانی پشت ڕاست کەیتەوە، کە ئەو ڕاست گۆترین ڕاست گۆیانە، ڕاست گۆیە لەو هەوالآنەی کە دەیدا، وە پشت ڕاست کراوەتەوە بەو هەوالآنەی داوێتی، جا لە لایەن خواوە قەت بە درۆ نەخراوەتەوەو قەتیش درۆی نە کردوە ﷺ .

وە ڕاست گۆبی لە شوێن کەوتنی، بەوەی سنوری شەریعەتەکەی نەبەزێنیو زیاد ڕەوی تیاکەی یان لێی کەم کەیتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ بکە بە پێشەوای خۆت لە سەرجەم عیبادەتەکانتدا، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ پێشەوای ئەم ئوممەتەیە، بۆیە بۆ هیچ کەسێك حەلآل نییە شوێنی کەسێکی کە بکەویٚ جگە لە پێغەمبەری خواﷺ.

وە پارێزگاری بکەی لە شەریعەتەکەی، جا پارێزگاری لێی بەوەیە کە نەیەڵی کەس سووکایەتی پیٚ بکا، وەنەش هێڵی کەس شتێکی تیا زیادبکات ، وە دژایەتی ئەهلی بیدەع بکەی چی بیدعەی قەولی بێت یان فیعلی بێت یا عقائدی، چونکە بیدعە هەمووی یەك بابەتە، وە هەمووی لە یەك کێڵگە بەر هەم دێت، وە هەمووی گومڕاییە، هەر وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووی: ((كُلُ بِدْعَةٍ ضَلالَة))[1] هەموو بیدعەیەك گومڕاییە، هیچ بیدعەیەکی لیٚ جیا ناکاتەوە، هەر شتێك پێچەوانەی ڕێنمونی پێغەمبەری خوابێت ﷺ چی لە عەقیدەدابێت یان لە ووتە دابێت یان لەکارو کردەوە دابێت ئەوە بیدعەو گومڕاییە.

---

[1] مسلم (٨٦٧) .

وە دژایەتی ئەهلی بیدەع بکەی بەو شێوازەی کە ئەوان دژایەتی سوننەتی پێ دەکەن، گەر بە ووتە دژایەتیان کرد ئەوە بە ووتە، وە ئەگەر بە کردەوە دژایەتیان کرد ئەوە بە کردەوە (جزاءً وفاقاً) چونکە ئەمە لە ئامۆژگاری کردنە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ .

وە لە ئامۆژگاریت بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەیە کە ڕێز لە هاوەڵانی بەڕێزی بگری وە خۆشیانت بوێت، چونکە ئەوان هاوڕێتی زاتێکیان کردووە گومانی تیانییە کە لە تایبەتانی ناو خەڵکن، هەر بۆیە هاوەڵان } لە چاکترینی سەدەکان بوونە(خیر القرون)، چونکە هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ بوونە، جا هەرکەسێك جنێو بدا بە هاوەڵانی یان بیان بوغزێنێت یان بە جۆرێك لە جۆرەکان یان بە شێوازێك لە شێوازەکان سوکایەتیان پێ بکات ئەوە ئەو کەسە نییە کە ئامۆژگاری بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کردبێت هەرچەنە ئیدیعاش بکات کە ئەو ئامۆژگاری کارە بۆی درۆ ئەکات، چۆن تۆ جنێو دەدەی بە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ وە دەیان بوغزێنیتو لە کاتێکیشدا پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری بۆ دەکەی؟ وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: ((الْمَرْءُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ))[1] . جا ئەو کەسە درۆزنەی جنێو بە هاوەڵان دەدا لە ڕاستیدا جنێوی بە پێغەمبەری خوا ﷺ داوە، بەڵکو تانەی لە شەریعەتی ئیسلام داوە، چونکە ئەوان هەڵگری شەریعەتبوون بۆ ئێمە، جا ئەگەر ئەوان شایەنی جنیوو تانە بن ئەوە سیقە بە شەریعەتەکەش ناکرێ، کەواتە جنێودان بە هاوەڵانی جنێودانە بە خوای گەورە پەنا ئەگرین بەخوا، وە تانە دانە لە حیکمەتو دانایی خوا بەوەی کەسانێکی

---

(1) أحمد (المسند ٢/٣٠٣، ٣٣٤)، وأبو داود (٤٨٣٣)، والترمذي (٣٣٨٧)، وصححه الألباني~ أنظر(صحيح سنن أبي داود) .

هەڵبژاردبیٚ بۆ پێغەمبەرەکەیﷺو هەڵگرتنی دینەکەی کە ئەهلی زەمو تانەبن، کەواتە لە ئامۆژگاریت بۆ پێغەمبەری خواﷺ ئەوەیە کە هاوەڵانیت خۆش بوێتو ڕێزیان لیٚ بگریتو بە چاوی گەورە تەماشایان کەی.

وە ئامۆژگاریت بۆ پێشەوایانی موسڵمانان بیٚ کە ئەمیش دەبێتە دوو بەشەوە:

١- پێشەوا لە دینا .

٢- پێشەوا لە دەسەڵاتدا .

جا پێشەوا لە دینا لە دەستی زانایانە، زانایان پێشەوایەتی خەڵکی دەکەنو ریٚ نیشاندەری ئەوانن بۆ کتابی خواو شەریعەتەکەی خوا، خوای گەورە لە دوعای بەندەکانی خۆیمان بۆ باس دەکا کە دەفەرمووێ: ﴿رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴿٧٤﴾﴾[الفرقان: ٧٤] جا ئەوانە داوای ئیمامەتی سوڵتەو دەسەڵاتیان نەکرد، بەڵکو داوای ئیمامەتیو پێشەوایەتی دینیان لە خوا کرد، چونکە بەندەگەلی ڕاستەقینەی ڕەحمان(عباد الرحمن) دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکیەوە ناوێ، وە داوای کورسیو دەسەڵاتیان نەکردووە، بەڵکو پێغەمبەری خواﷺ بە

(عبدالرحمن)ی کوڕی (سَمُرة)ی فەرمووو: (( لاَ تَسْأَلِ الإِمَارَةَ، فَإِنَّكَ إِنْ أُوتِيتَهَا عَنْ مَسْأَلَةٍ وُكِلْتَ إِلَيْهَا، وَإِنْ أُوتِيتَهَا مِنْ غَيْرِ مَسْأَلَةٍ أُعِنْتَ عَلَيْهَا ))[1].

واتە: (داوای دەسەڵاتو ئەمارەت مەکە، چونکە گەر تۆ بدرێتیێ بە خواستو داوای خۆت ئەوە بەخۆت دەسپێردرێت (خوا ڕووت لێ وەردەگێڕێ یارمەتیت نادات پەنا ئەگرین بەخوا)، وە ئەگەر بدرێتیێ بەبێ خواستو داوای خۆت ئەوە خودا یارمەتیت دەدا).

بەڵام ئەوان داوای پێشەوایەتی دین دەکەن، کە خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموویێ:
﴿وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ ﴿٢٤﴾﴾ [السجدة: ٢٤].

واتە: (وە لە نێو ئەواندا **پێشەوایانێکمان دانا, کە بە فەرمانی ئێمە (خەڵکیان) ڕێنمونی دەکرد** چون ئارامیان گرتو یەقینیان بە نیشانەکانی ئێمە هەبوو).

وە ئامۆژگاریت بۆ پێشەوایانی دینو عیلم ئەوەیە کە مرۆڤ سوور بێت لەوەر گرتنی زانستیان، چونکە بەڕاستی ئەوان واستەی نێوان پێغەمبەر ﷺ و ئوممەتەکەیین جا بە هەر ڕێگایەك بوە زانستیان لێ وەرگرە وە ڕێگەش زۆرە لەم سەردەمە سوپاس بۆ خوا.

وە ئامۆژگاریت بۆ زانایان بەوەیە کە شوێنی عەیبو عارو زەللەو هەڵەیان نەکەوی، چونکە ئەوانیش مەعصوم نین هەڵەش دەکەنو زەللەشیان دەبێت، ((كُلُّ بَنِي آدَمَ خَطَّاءٌ

[1] البخاري (٦٦٢٢، و٦٧٢٢، و٧١٤٦، و٧١٤٧)، ومسلم (٤٣٧٠، ٤٨١٩)، وأبو داود (٢٩٢٩)، والنسائي في (الكبرى ٥٩٣٠)، وأحمد (٥/٦٢ح ٢٠٦٣٧)، والبيهقي في (السنن الكبرى ١٠/٣١ح ١٩٦٢٦)، والطبراني (المعجم الأوسط ١/١٧ح ١٤).

وَخَيْرُ الْخَطَّائِينَ التَّوَّابُونَ))[1]، وە هەمو ئادەمیزادێکیش هەڵە دەکات وە چاکترین هەڵەکار ئەوەیە کە تەوبە بکا، گرنگ ئەوەیە دووی هەڵەو پێ هەڵ خلیسکاندنیان نەکەوی، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((يَا مَعْشَرَ مَنْ آمَنَ بِلِسَانِهِ وَلَمْ يَدْخُلِ الإِيمَانُ قَلْبَهُ لاَ تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ وَلاَ تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ فَإِنَّهُ مَنِ اتَّبَعَ عَوْرَاتِهِمْ يَتَّبِعِ اللَّهُ عَوْرَتَهُ وَمَنْ يَتَّبِعِ اللَّهُ عَوْرَتَهُ يَفْضَحْهُ فِي بَيْتِهِ))[2].

واتە: (ئەی ئەو کەسانەی کە بە زمان باوەڕتان هێناوەو ئیمان نەچۆتە دڵتانەوە، غەیبەتی موسڵمانان مەکەنو بە دووی عەیبو عاریان مەگەڕێن، چونکە بەڕاستی هەر کەسێك گەڕا بە دوای عەیبو عاریان بگەڕێت ئەوە خودا بە دوای عەیبو عاریان دەکەوێ وە هەر کەسێك خودا دوای عەیبو عاری بکەوێ بێ حورمەتی دەکا گەر لە ماڵەکەی خۆشی بێت). ئەمە بۆ موسڵمانانە بە گشتی ئەی ئەگەر زانایەك بێت؟.

ئەوانەی دەگەڕێن بە دوای عەیبو عارو زەللەو هەڵەی زانایان تا بڵاوی بکەنەوە تاوانو خراپەیەك نییە تەنها لە دەرحەقی زاتی زاناکان بکرێت؟ بەڵکو تاوانو خراپەیەکە دەرحەقی زاتی زاناکانو ئەو عیلمەشی کە هەڵیان گرتوە، وە خراپەیەکە دەرحەق بەو شەریعەتەی وەر دەگیرێت لەوانەوە، چونکە زانایان گەر خەڵکی متمانە بە زاتیان نەکات متمانە بە عیلمیشیان ناکا.

---

[1] أخرجه الترمذي(٢٤٩٩)، وابن ماجه (٤٢٥١)، قال الألباني~ : حسن، انظر المشكاة(٢٣٤١).

[2] أبو داود (٤٨٨٠)، وأحمد (٤/٤٢٠ح ١٩٧٩١)، والبيهقي في (السنن الكبرى ١٠/٢٤٧ح ٢٠٩٥٣)، و (شعب الإيمان١١١٩٦)، والطبراني (المعجم الكبير١١/١٨٦ح ١١٤٦٨) قال الألباني~ : حسن صحيح انظر (صحيح سنن أبي داود).

بۆیە لە ئامۆژگاریت بۆ زانایان ئەوەیە بەرگری بکەی لە حورمەتیان، وە کەسانێکی زۆر هەیە تانەو توانج لە زانایانی سەردەم ئەدەن کە مەبەستی گلاویان هەیە لە پشت ئەم کارەیان، بۆ هەر یەکە بە مەبەستێك، بۆ نمونە کاتێك زانای فەرموودەناس **محمد ناصرالدين الألباني** بەرووی تەکفیری‌و حزبێکان وەستاو بەڵگەکانیانی لە گۆرنا، هەستان دەستیان کرد بە بڵاو کردنەوەی درۆو دەلەسە هەر جاری بە شێوازێك: جاریٚ ووتیان موورجیئەیەو جاریٚ پیاوی دەسەلاتەو جاریٚ ووتیان (فقيه) نییە..هتد، بەلام خوای گەورە ڕویانی ڕەش کرد لەم دونیایە چونکە وەعدی خوایە کە بەرگری بکا لە باوەڕ داران: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾[الحج:٣٨] وە شێخ ئەلبانی~ مایەوە وەك کێوێك ئەوان لە ناوچوون‌و لە ناودەچن، وە هەر وەها ئەم کەڵە پیاوەی کەئێمە هەستاویین بە وەر گێڕانی ئەم کتابە بە نرخەی ـ کە ئەمە مشتێکە لە خەرمانی زانستی ـ بیٚ بەش نەبوە لە تانەو توانجی دڵ نەخۆشەکان ئەوانەی کە مەبەستی بۆگەنیان هەیە، چونکە بەڕاستی هەروەك زانای فەرموودەناسی ووڵاتی یەمەن شێخ مقبل دەفەرمووێت: شێخ **ربيع بن هادي المدخلي** خوا بی پارێزێت بەڵگەیەکە لە بەڵگەکانی خوا بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەهلی بیدەع، ئەم کەڵە پیاوە وەلامی شوبوهاتیانی دایەوە، وە باوە گەورەیانی بە دونیا ناساند؟؟، وە ئەوەی جێگای سەر سوڕمانە زۆربەی ئەوانەی کە خەریکی ئەم تانەو توانجانەن خۆیان لە باوەشی ووڵاتانی کوفر ژیان بەسەر دەبەن‌و باج‌و سەرانە دەدەنە ئەو ووڵاتە کافرانەو پەنا هەندەیی وەردەگرن، بەڵکو جنسێی ئەو ووڵاتانەش وەردەگرن کە لە مەرجی وەرگرتنی ئەو جنسێیە دەبێت وەلای خۆی بدات بە ئالاو سەرۆك‌و پاشای ئەو ووڵاتە؟! لەمە ڕەزیل تر دەژیی؟؟.

بۆیە دەڵێم پێویستە بەرگری بکەین لە زانایان، وە پاساو بۆ هەڵـەکانیان بهێنینـەوە، وە ئەمە نابێتە ڕێگرتن لەوەی کە پەیوەندیان پێوە نەکـەین، بـەڵکو پەیوەنـدیان پێـوە دەکەین‌و پرسیاریشیان لیٚ دەکـەین‌و ووتـو وێژیشـیان لـە گـەڵ دەکـەین لـە بابەتـەکان تاوەکو ببینە ئەو کەسانەی کە دڵسۆزن بۆ زانایان‌و پێشەوایانی موسڵمانان.

وە جۆری **دووەمیان** دەسـەڵات دارانـە کـە ئـەمان زۆربـەی کـات **هەڵـە**یان لـە زانایـان زیاترە، چونکە لەبەر دەسەڵاتەکەی لەوەیە بە سەر هەڵەی بـەری، دەسـەڵاتەکەی فـەرز دەکـا بـە ڕاسـت‌و هەڵـە، وە لەبـەر ئـەوەی شـارەزاییان وەکـو پێویسـت لـە شـەریعەتی ئیسلامدا نییە، وە هەر دەسەڵات دارێك گەر شـارەزایی هـەبێت لـە شـەریعەتی ئیسـلام‌و کردەوەی پێبکات بیٚ گومـان هەڵـەی کـەمتر دەبـیٚ، هـەر بۆیـە ئـەمان لـە پێشـەوایانی موسڵمانان وەك دەسەڵات دار هەڵەیان زیاترە لە زانایان مەگەر خوا بیەوێت.

وە بڵاو کردنەوەی عەیب‌و عارو کـەمو کـوڕی دەسـەڵات داران تەعدایـەکی شەخصـی نییە بەتەنها لەوان بکرێت، بەڵکو دەس درێژی کردن‌و تەعدایە لە کەسـایەتی دەسـەڵات داران‌و سـەرجەم گـەلیش، چـونکە گـەر ئوممـەت دڵیـان پڕکرێـت لـە بـوغزو کیینـە لـە دەسـەڵات داران ئـەوە خـەڵکی سەرکێشـی دەکـاو لێیـان دەچـێتە یـاخی بوونـا، وە دژایەتیشـیان دەکرێـت، ئـەوکات فـەوزا درووسـت دەبێـت‌و تـرس وولات دادەگرێـت‌و ئاسایشی ووڵاتیش شلۆق دەبێت، بۆیە گەر سام‌و هەیبـەتی دەسـەڵات داران بپارێزرێـت لە دڵەکان هەیبەت‌و حورمەتیان دەمێنێت، وە ڕژێم‌و فەرمانەکانیان پـارێزراو دەبـیٚ کـە پێچەوانەی شەریعەت نەبیٚ.

وە ئامۆژگاری بۆ کار بەدەستان بەوە دەبیٚ کە گوێڕایەڵیان بکەیت لە تاعەتی خوادا، بەڵام ئەگەر سەرپێچی فەرمانی خوابوو ئەوا گوێڕایەڵی ناکرێن چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: ((لا طَاعَةَ لِمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ الْخَالِقِ))[1].

لە دوا فەرموودەکە باس لە ئامۆژگاری بۆ سەرجەم موسڵمانان دەکا، وە ئامۆژکاری بۆ پێشەوایانی موسڵمانانی پێش خست لەبەر ئەوەی گەر ئەوان چاکبن ئەوە خەڵکیش بە گشتی چاك دەبێت، جا ئەگەر دەسەلأت داران‌و زانایان چاکبن کە ئەمان پێشەوایانی موسڵمانانن ئەوە خەڵکیش بە گشتی چاك دەبێت، وە دەبێت ئەوەش بزاندرێت کە مەبەست بە پێشەوایانی موسڵمان گشتی ترە لەوەی هەر مەبەست پێی سەرۆکی وولأت بیٚ، هەمو کەسێك کە کارێکی لە ژێر دەس دایە گەر خوێندنگایەکیشبیٚ ئەوە بە پێشەوای موسڵمانان دائەنرێت گەر ئامۆژگاری هەبێت‌و چاکسازی بکات ئەوەی لەژێر دەستی بێت چاك دەبێت.

وە ئامۆژگاریت بۆ خەڵکی بەگشتی بەوەیە کە ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە لە خێرو چاکە بۆ ئەوانیش پێت خۆش بێت، وە ڕێنمونیان بکەی بۆ خێرو چاکەو ڕێگەی حەق گەر گومڕابون‌و سەریان لیٚ شێوا، وە یادیان بخەیتەوە گەر لە بیریان چوو، وە بیان گێڕیت بە برای خۆت، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: (المسلِمُ أَخُو المسلِم)[1]، واتە: موسڵمان برای موسڵمانە.

---

[1] أحمد (٥/٦٦ ح٢٠٦٧٥)، والطبراني (المعجم الكبير ١٣/٦٠ح ١٤٧٩٥)، وصححه الألباني في الصحيحة١/١٧٨ح ١٧٩):

[1] البخاري (٢٤٤٢، ٦٩٥١)، ومسلم (٢٥٦٤).

وە پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری لە هەموو کەس وەر دەگرت تەنانەت لە کافرو بێ باوەڕیش.

وە شكو گومانی تیانییە ئامۆژگاری چەن بەنهێنی بێت زیاتر نزیکە لە وەر گرتنەوە پاش یارمەتی خوا، جا پێویستە هەوڵ بە شاردنەوەی بدرێت پاش گەیاندنیشی، چونکە بڵاوکردنەوەی لە کاتی ئامۆژگارێکە سووکایەتیە، وە بڵاو کردنەوەی لە پاش کردنی منەت کردنە بەسەر ئەو کەسەی ئامۆژگاری دەکەی، وەلەوەشە ئابڕوو بردن بێت، وە غەیبەتیشە.

(مسعر)ی کوڕی (کدام) دەفەرمووێت: (ڕەحمەتی خوا لەو کەسەبێ کە عەیبو عارەکانم بە دیاری دەداتێ بە نهێنی لە نێوان خۆمو خۆی، چونکە بەڕاستی ئامۆژگاری بە ئاشکرا ئابڕو بردنە)(٢).

وە ئیمامی شافعی ~ لە شیعرێکی جوانیدا دەفەرمووێت:

تعَهَّدْنِي بِنُصْحِكَ فِي انْفِرادِي ... وجَنِّبْنِي النَّصِيحة فِي الجَمَاعَهْ

فِإنَّ النُّصْحَ بَينَ النَّاسِ نَوعٌ ... من التوبيخ لا أرضى استماعهْ

وإن خالفتني، وعصيت قولي ... فلا تجزع إذا لم تعط طاعهْ

وەجێگای خۆیەتی لێرەدا سوپاسی برای خۆشەویستم م. صلاح الدین بکەم کە هەڵەگیری بۆ کردم وەسوپاسی مامۆستای خۆشەویستم م. عبدالکریم بکەم کە ئەویش

(٢) الآداب الشرعية (١/٢٩٠).

ماندوبو بەوەی پیاداچوونەوەی بۆ کردمو ئەو پێشەکێ جوانەی بۆ نووسیتم خوا پاداشتی خێریان بداتەوەو بیکاتە توێشویەك بۆ قیامەتمان، وە ئەم کتێبە ببێتە ئامۆژگاریەك بۆ سەرجەم نەوەکانی گەلەکەمان.

**والحمد لله رب العالمين**

**وصلى الله على محمدٍ وعلى آلهِ وصحبهِ أجمعين**

**فەجری ١٧/ربيع الثاني/١٤٢٩كۆچی**

**بەرامبەر بە ٢٠٠٩/٤/١٢ زاینی**

**وەرگێڕانی م. کامران خالد**

**ئیمامو خەطیبی مزگەوتی(خديجه الكبرى) چم چماڵ**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

إِنَّ الحمْدَ للهِ، نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغفِرُهُ، وَنَعوُذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهدِهِ اللهُ فَلَا مُضِلَ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلَا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ (ﷺ).

**لە پاشاندا:**

**ئەمە توێژینەوەیەکی خاکی و متوازیعە هەستاوم بە ئامادەکردنی لە ژێر ناونیشانی:**

**« ئامۆژگاری ئەو بەرپرسیارێ هاوبەشەیە لە کاری بانگەوازیدا »**

داوا لە خوای پەروەردگار دەکەم کە بیکاتە مایەی سوود بەخشین وە بانگەوازخوازان بۆ دینی خوا مۆفەق بکات لە هەموو جێگایەك کە هەستن بە ڕاپەڕاندنی ئەم بەرپرسیارییە بە جوانترین شێوەو باشترین ڕێگاو هەنگاو، وە گومانی تێدا نییە کە بانگەواز کردن بۆ لای خوا بە بەر چاو ڕۆشنیو زانیاری بە ئیخلاصو دڵسۆزی بۆ خوای پەروەردگار وە ئامۆژگاری بۆ خواو کیتابەکەی خواو پێغەمبەری خواو پێشەوای موسڵمانانو سەرجەم خەڵکی، ئەمە باشترینیانە کە بانگەوازخوازان بۆ خوا بە میراتیان گرتووە بە حەق لە پێغەمبەرانی خوا و نێردراوانی بەڕێزی، ئەو ڕێ ناسە ئامۆژگاریکارانە کە سەرمەشقو قودوەی بانگەواز خوازانی ڕاستگۆن بۆ لای خوا ئەوانەی کە هیچ نیازێکیان نەبوو لە پشت بانگەوازەکەیان جگە لە ڕەزامەندی پەروەردگاریانو هیدایەت دانو ڕێ نیشاندانی بەندەکانی بە ڕێنموونی کردنیان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستە گەورەیەی کە خوای گەورە بۆ خاتری دروستی کردوون

وە ئەوەی کە لە ئاسمانەکانو زەویە بۆی موسەخەرۆ ژێربار کردوون بۆ یارمەتی دانیان بۆ ئەوەی هەستن بەم کارە مەزنە بە جێبەجیٚ کردنی مافو پێویستێکانی.

وە ڕەنگە یەکێك لە خواستەکانی توێژینەوە بریتی بێت لە چوون بۆ لای پێناسەکردنی بانگەواز بۆ لای خوا، وە جوانترین پێناسە بە بۆچوونی من ئەو پێناسەیەیە کە شەیخول ئیسلام إبن تیمیە— ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت — فەرموویەتی هەرچەندە بەو پێیەی مەنتقێکانو ئەوانەی لاساییان کردۆتەوە نی یە.

**بانگەواز بۆ لای خوا:** بانگەواز کردنە بۆ باوەڕهێنان پێی وە بەوەی پێغەمبەرانی پێی هاتوون بەوەی هەواڵیان پێداوە پشت ڕاستی کەیتەوە، وە گوێڕایەڵی سەرجەم فەرمانەکانیان بکەیت، کە ئەمە بانگەواز کردن بۆ شایەتومانو هەستان بە نوێژکردنو زەکاتدانو ڕۆژووگرتنی ڕەمەزانو حەج کردنی ماڵی خوا دەگرێتە خۆ.

وە بانگەواز کردن بۆ باوەڕهێنان بە خواو فریشتەکانی خواو پێغەمبەرانی خوا، زیندوو بوونەوە لە پاش مردن، وە باوەڕ هێنان بە قەزاو قەدەر خێرو شەڕی، وە بانگەوازکردن بۆ ئەوەی بەندە پەروەردگاری بپەرستێت هەروەك ئەوەی کە دەیبینێت جا ئەم سیٚ پلەیە کە ئیسلامو ئیمانو ئیحسانە لە ناو دینە، هەر وەك لەو حەدیسە ( صحیح )ەدا دەفەرمووێت: (( ئەمە جبریلە هاتووە ئایینەکەتان فێر بکات )) لە پاش ئەوەی وەڵامی ئەم سیٚ شتەی دایەوە، جا ڕوونی کردەوە کە ئەوە هەمووی دینە.

جا بانگەواز کردن بۆ لای خوا بە بانگەوازکردنی بەندە بۆ لای دینەکەی، وە بنەمای ئەوە بەندایەتی کردنی خوای گەورە بە تەنها هاوبەشی نییە هەر وەك خوای گەورە بۆ ئەو مەبەستە پێغەمبەرانی ناردووەو کتێبی بۆ دابەزاندووە، خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ ۖ أَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا۟ فِيهِ ۚ كَبُرَ عَلَى ٱلْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ۚ ٱللَّهُ يَجْتَبِىٓ إِلَيْهِ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾﴾ [الشورى: ١٣]

واتە: (خوای گەورە بۆ ئێوە ئایینێکی دانا کە بە نوحی ڕاگەیاندبوو, وە ئەوەی کە بە سروش‌و وەحی بۆ تۆمان ناردو ئەوەی کە بە ئیبڕاهیم و موساو عیسامان ڕا گەیاندبوو ئەوەیە کە ئەو دینە بە دروستی بەجێ بێنن و جیاوازی تێدا نەکەن، ئەوەی کە موشریکان بۆلای بانگ دەکەی لەسەر موشریکان سەختە کە دینی یەکخواپەرستی یە, هەرکەس کە خوا بیەوێ بۆ ئەم دینە هەڵی دەبژێرێ, وە هەرکەسیش کە بۆلای خوا بگەڕێتەوە ڕێنمونی دەکا).

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَسْـَٔلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رُّسُلِنَآ أَجَعَلْنَا مِن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ءَالِهَةً يُعْبَدُونَ ﴿٤٥﴾﴾ [الزخرف: ٤٥]

واتە: (وە لە پێغەمبەرانێ کە ئێمە بەر لە تۆ ناردوومانە بپرسە: ئایا غەیری خوای ڕەحمان پەرستراوانی دیکەمان دانابوو کە پەرستش بکرێن؟)

هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ فَإِذَا هُمْ فَرِيقَانِ يَخْتَصِمُونَ ﴿٤٥﴾﴾[ النمل: ٤٥ ]واتە: (وە بەهەقیقەت بۆلای هۆزی سەموود سالّح برای

ئەوانمان بۆ ناردن کە (فێریان بکا) عیبادەتی خوا بکەن, جا ئەوان بوونە دوو دەستەی دژ بە یەکتر)

وە دەفـــــــەرموویێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ٢٥﴾ [الأنبياء: ٢٥] [١].

واتە: (وە ئێمە بەر لە تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە, مەگەر ئەوە کە وەحیو سروشمان پێ کردن کە بێجگە لە من پەرستراوێکی بە هەقی دیکە نیيە, جا کە وایە تەنیا من بپەرستن)

وە لەوانەیە جوانترین ووتە کە ووترابێت لە دەر حەق بانگەواز خوازان بۆ لای خوا ئەو ووتەیە بێت کە پێشەوا ابن القیم – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – فەرموویەتی:–

(( خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ٣٣﴾ [فصلت: ٣٣].

واتە: (وە ووتەی چ کەسێ چاکترە لە ووتەی ئەو کەسەی کە خەڵك بۆلای خوا بانگ دەکا و کاری چاکیش دەکاو دەشڵێ: بەڕاستی من لەو کەسانەم کەتەسلیمی فەرمانی خوابونەو لەموسڵمانانم؟)

جا بانگەواز کردن بۆ لای خوا وەزیفەی پێغەمبەرانو شوێنکەوتوانێتی کە ئەوان جێنشینی پێغەمبەرانن لەناو ئوممەتەکانیان وە خەڵکیش شوێنکەوتوویانن وە خوای

---

[١] مجموع الفتاوى (١٥/١٦٠).

گەورە فەرمانی کردووە بە پێغەمبەرەکەی کە ئـەوەی بـۆی دابـەزیوە ڕای گەیـەنێت وە گرنتیو زەمانەتی پاراستنی کردووە لە خەڵکی، هەروەها ڕاسپێردراوان لە ئوممەتەکـەی لەو عیصمەتو پاراستنەیان بۆ هەیە بە پێی هەستانیان بە جێبەجێ کردنی ئایینەکەیو ڕاگەیاندنی، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کردووە بە تەبلیغو ڕاگەیاندن ئەگەر بـە یـەك ئایـەتیش بـووە، وە دووعـای بـۆ ئـەو کەسـە کـردووە کـە لـەوەوە فەرموودەیـەك ڕادەگەیێنێت.

وە ڕاگەیاندنی سوننەتێکی بۆ ئوممەتەکەی چاکترە لـە ڕاگەیانـدنی تـیر بـۆ ئەسـتۆی دوژمنــان؛ چــونکە ئــەو ڕاگەیاندنــە زۆرێــك لــە خــەڵکی دەیکــات بــەڵام ڕاگەیانــدنی سـوننەتەکان جگـە لـە مـیرات گرانـی پێغەمبـەرانو شـوێنکەوتووانیان لـە ئوممەتەکـەی نەبێت هەڵناسن بەم کارە، خوای گـەورە بـە فـەزڵ و کـەرەمی خـۆی بمـان گێڕێـت لـەو کەسانە[1].

[1] بدائع التفسير ( ٤ / ١٠٣ ).

# بەرپرسیارێتی هاوبەش لە کاری بانگەوازی ئامۆژگاری کردنە بۆ ئوممەتی موسڵمان

چونکە ئامۆژگاری لە ئیسلامدا جێگایەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئامۆژگاری کردن بۆ موسڵمانان لە بیرو باوەڕیانو لە پەرستشیان بە پلەی یەکەم، وە بۆ دونیایانو بۆ بەرژەوەندییەکانیانو بژێوی ژیانیانو بۆ سەرجەم پێویستییەکانیان، ئەوەیە مەنهەجی پێغەمبەرانی بەڕێز –علیهم الصلاة والسلام– پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت:

(إِنَّهُ لَمْ يَكُنْ نَبِيٌّ قَبْلِي إِلاَّ كَانَ حَقًّا عَلَيْهِ أَنْ يَدُلَّ أُمَّتَهُ عَلَى خَيْرِ مَا يَعْلَمُهُ لَهُمْ وَيُنْذِرَهُمْ شَرَّ مَا يَعْلَمُهُ لَهُمْ وَإِنَّ أُمَّتَكُمْ هَذِهِ جُعِلَ عَافِيَتُهَا فِى أَوَّلِهَا وَسَيُصِيبُ آخِرَهَا بَلاَءٌ وَأُمُورٌ تُنْكِرُونَهَا وَتَجِىءُ فِتْنَةٌ فَيُرَقِّقُ بَعْضُهَا بَعْضًا وَتَجِىءُ الْفِتْنَةُ فَيَقُولُ الْمُؤْمِنُ هَذِهِ مُهْلِكَتِى. ثُمَّ تَنْكَشِفُ وَتَجِىءُ الْفِتْنَةُ فَيَقُولُ الْمُؤْمِنُ هَذِهِ هَذِهِ. فَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يُزَحْزَحَ عَنِ النَّارِ وَيَدْخُلَ الْجَنَّةَ فَلْتَأْتِهِ مَنِيَّتُهُ وَهُوَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَلْيَأْتِ إِلَى النَّاسِ الَّذِى يُحِبُّ أَنْ يُؤْتَى إِلَيْهِ وَمَنْ بَايَعَ إِمَامًا فَأَعْطَاهُ صَفْقَةَ يَدِهِ وَثَمَرَةَ قَلْبِهِ فَلْيُطِعْهُ إِنِ اسْتَطَاعَ فَإِنْ جَاءَ آخَرُ يُنَازِعُهُ فَاضْرِبُوا عُنُقَ الآخَرِ) [١].

واتە: (( بەر لە من هیچ پێغەمبەرێك نەبووە ئیللا حەقو وجب بووە لە سەری کە ڕێنموونی گەلەکەی خۆی بکات بۆ ئەو خێرەی کە خۆی بۆیان دەزانێت، وە ئاگاداریان بکاتەوە لەو شەڕەی کە خۆی بۆیان دەزانێت، وە ئەم گەلەی ئێوە خوای گەورە چاکەکەی کردۆتە سەرەتاکەیەوە، وەکۆتاییەکەی تووشی بەلاو کۆمەڵە کارێك دەبێت

---

[١] أخرجه مسلم في الإمارة (١٤٧٢/٣ رقم ١٨٤٤).

ئێوە نکۆڵی لێدەکەن، وە فیتنە دێت یەك لە سەر یەك کۆمەڵ دەبێت، وە فیتنە دێت ئیماندار دەڵێت: ئەمە لە ناو بەرمە پاشان دەرەوێتەوە، وە فیتنە دێت جا ئیماندار دەڵێت: ئەمە ئەمە، جا هەر کەسێك پێی خۆشە کە لە ئاگر دوور بکەوێتەوە و بخرێتە ناو بەهەشت با ئەو کاتەی مردن یەخەی پیٚ دەگرێت با باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی بێت، وە با ئەو خەڵکە بەسەر بکاتەوە کە پێی خۆشە بێن بۆ لای، وە هەر کەسێك بەیعەتی دا بە ئیمامێك بەوەی دەستی خستە ناو دەستیٚوەو پەیمانی دا پێی با گوێڕایەڵی بکات ئەوەندەی لە توانای دایە، جا ئەگەر کەسێکی تر هات ململانێی کرد ئەوە لە ملی ئەوەی دووای بدەن) .

ئا ئەمەیە بانگەوازی پێغەمبەران – علیهم الصلاة والسلام – کۆتا ئامۆژگاری و ئەمانەت: ڕێنموونی کردنێکی تەواو بۆ هەموو خێرێك وە لە پێش هەموویەوە یەکخوا پەرستیو ئاگادار کردنەوە لە هەموو شەڕێك وە لە پێش هەموو شەڕێکەوە شەریك پەیدا کردنە، خوای پەروەردگار هەواڵی ئەو بەرپرسیارێتیٚ هاوبەشەی پێداوین لە کاری بانگەوازیان کە بانگەواز کردنە بۆ یەك خواپەرستیو دژایەتی کردنی شیرك دەفەرمووێت:﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ ...﴾[النحل: ٣٦]

واتە: ( ئێمە بە تەئکید بۆ هەموو گەلێك پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کردووە بەوەی کە خوای گەورە بە تەنها بپەرستنو لە طاغوتو بت پەرستیو هاوبەش پەیداکردن دوور کەونەوە).

وە کاتێك ئەوانەی کە بە درۆیانیان ئەزنین لەوانەی کە بە درۆیانیان ئەزانی، وە بە گومڕاو سەر لێ شێواویان زانی یەکەمیان نووح بوو – علیه السلام– ووتی: ﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ لَيۡسَ بِي ضَلَٰلَةٞ وَلَٰكِنِّي رَسُولٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٦١ أُبَلِّغُكُمۡ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمۡ وَأَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٦٢﴾ [الاعراف: ٦١ – ٦٢]

واتە: ((ووتی: ئەی هۆزی من هیچ لاڕێی و گومڕایی یەك لە مندا نییە، بەڵام من نێردراوی پەروەردگاری جیهانیانم، پەیامی پەروەردگارم بە ئێوە ڕادەگەینم و ئامۆژگاری ئێوە دەکەم، وە لە خواوە شتانێك دەزانم کە ئێوە نایزانن))

وە هوود فەرمووی: ﴿أُبَلِّغُكُمۡ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنَا۠ لَكُمۡ نَاصِحٌ أَمِينٌ ٦٨﴾ [الأعراف: ٦٨]

واتە: (پەیامی پەروەردگارم بە ئێوە ڕادەگەیەنم، وە من ئامۆژگارێکی ئەمینم بۆ ئێوە).

وە صالح لە پاش ئەوەی خوای گەورە قەومەکەی لەناو برد کە بدرۆیان خستەوە فەرمووی:

﴿ فَتَوَلَّىٰ عَنۡهُمۡ وَقَالَ يَٰقَوۡمِ لَقَدۡ أَبۡلَغۡتُكُمۡ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحۡتُ لَكُمۡ وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ ٱلنَّٰصِحِينَ ٧٩﴾[الاعراف: ٧٩]

واتە: (جا (سالح) ڕووی لێ وەرگێڕان و ووتی: ئەی هۆزی من بەهەقیقەت من پەیامی پەروەردگارم بە ئێوە ڕاگەیاند و بە خێرخوازی ئامۆژگاریم کردن، بەڵام (چی بکەم) ئێوە ئامۆژگارکەرانتان خۆش ناوێ).

وە خوای گەورە هەواڵی داوە لە ژمارەیەك لە پێغەمبەران لە سورەتی ( الشعراء ) كە هەر یەكێكیان بە قەومەكەی خۆی ووتوە: ﴿إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٠٧﴾﴾ [سورة الشعراء: ١٠٧، ١٢٥، ١٤٣، ١٦٢، ١٧٨].

واتە: (من نێردراوێكی ئەمینم بۆ ئێوە ).

جا ڕاگەیاندنی پەیامی محمد (ﷺ) بەو پێیەی كە لە سەرەتاوە دەستی پێكرد بە بانگەواز كردن بۆ یەك خواپەرستیو ئاگاداركردنەوە لە شیركو هاوبەش پەیدا كردن پێویستە ئەمە نیشانەیەكی دیارو پشتیوان بۆ كراوێكی چەسپیو بنكەو بنچینەیەكی پۆڵایین بێت بۆ بانگەواز خوازان بۆ لای خوا كە ئەمە ئەو نەصیحەو ئامۆژگاریو ئەمانەتەی دەگرێتە خۆ وە بەڵگەی ئەو میراتگریێ ڕاستەقینەیە، وە ڕاستێتی ئەو مەنهەجەیە كە لە سەری دەڕۆنو پیادەی دەكەن.

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ ) جەختی كردۆتەوە لە سەر باسی نەصیحەتو ئامۆژگاری وە ئەمە یەكێكە لەو بەڵگانە لە سەر گرنگێتی لە بانگەوازكردن بۆ لای دینی خوای گەورە.

لە ( تمیم ) ی كوڕی ( أوس الداري )ەوە خوای لێ ڕازی بێت، دەفەرمووێت: پێغەمبەر (ﷺ ) دەفەرمووێت:

((الـدِّينُ النَّصِـيحَةُ – ثـلاثاً – قُلْنَـا: لِمَـنْ؟ قَـالَ: لِلَّهِ وَلِكِتَابِـهِ وَلِرَسُـولِهِ وَلأَئِمَّـةِ الْمُسْـلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ))[١].

واتە: (دین ئامۆژگارییە – سێ جار ئەم ووتەیەی دووبارە کردەوە – ووتمان: بۆ کێیە؟ فەرمووی: بۆ خواو بۆ پەرتووکەکەی خواو پێغەمبەری خوا و پێشەوایانی موسڵمانان و سەرجەم خەڵکی).

وە لە ( أبي هريرة ) ەوە خوای لێ ڕازی بێت دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) دەفەرمووێت: (إِنَّ اللَّهَ يَرْضَى لَكُمْ ثَلاَثاً وَيَسْخَطُ لَكُمْ ثَلاَثاً: يَرْضَى لَكُمْ أَنْ تَعْبُدُوهُ وَلاَ تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً وَأَنْ تَعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفرَّقُوا وَأَنْ تُنَاصِحُوا مَنْ وَلاَّهُ اللَّهُ أَمْرَكُمْ وَيَسْخَطُ لَكُمْ: قِيلَ وَقَالَ وَإِضَاعَةَ الْمَالِ وَكَثْرَةَ السُّؤَالِ)[٢].

واتە: (سێ کاری ئێوە خوای پەروەردگار ڕازی دەکات، وە سێ کاری ئێوە ناڕازیو خەشمی دەکات: لێتان ڕازی دەبێت گەر ئێوە بیپەرستن وە بێ هیچ شێوەیەك هاوبەشو شەریکی بۆ پەیدا نەکەن، وە دەست بگرن بە حەبلی خواوە(دینی خواوە) بە گشتی وە لێی دامەبڕن وە تەفرەقە مەکەن، وە ئاڵو گۆڕی ئامۆژگاری بکەن لەگەڵ ئەو کەسەی کە خودا دەیکات بە سەرپەرشتیارتان، وە بە سێ کاری ئێوە تورەو خەشمو ناڕازی دەبێت: ووتەو ووتەلۆکە، وە پرسیاری زۆر، وە ماڵ بە فیڕۆدان).

---

[١] رواه مسلم (٧٤/١ رقم ٥٥)، وأحمد (٢٩٧/٢ رقم ٧٩٤١)، وأبو داود (٧٠٤/٢ رقم ٤٩٤٤)وغيرهم.

[٢] رواه مسلم في الأقضية (١٧١٥)، وأحمد(٣٦٧/٢)، ومالك في (الموطأ ٩٩٠/٢) .

وە لە ( جریر ) ی کوڕی ( عبدالله البجلی )یەوە خوای لیٚ ڕازی بێت دەفەرمووێت: ((بَايَعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ صلى الله عليه وسلم – عَلَى إِقَامِ الصَّلاَةِ ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ ، وَالنُّصْحِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ))[١]

واتە: (( بەیعەتم دا بە پێغەمبەری خودا ﷺ بەوەی نوێژ بکەم وە زەکاتی ماڵم دەرکەم وە ئامۆژگاریم ببێت بۆ هەموو موسڵمانێك )).

وە لە ( زیاد ) ی کوڕی ( علاقة ) وە دەفەرمووێت: ((سَمِعْتُ جَرِيرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ يَقُولُ يَوْمَ مَاتَ الْمُغِيرَةُ بْنُ شُعْبَةَ قَامَ فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ وَقَالَ عَلَيْكُمْ بِاتِّقَاءِ اللَّهِ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَالْوَقَارِ وَالسَّكِينَةِ حَتَّى يَأْتِيَكُمْ أَمِيرٌ، فَإِنَّمَا يَأْتِيكُمُ الآنَ، ثُمَّ قَالَ اسْتَعْفُوا لأَمِيرِكُمْ، فَإِنَّهُ كَانَ يُحِبُّ الْعَفْوَ، ثُمَّ قَالَ:

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنِّى أَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) قُلْتُ أُبَايِعُكَ عَلَى الإِسْلاَمِ، فَشَرَطَ عَلَيَّ (وَالنُّصْحِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ) . فَبَايَعْتُهُ عَلَى هَذَا، وَرَبِّ هَذَا الْمَسْجِدِ إِنِّى لَنَاصِحٌ لَكُمْ . ثُمَّ اسْتَغْفَرَ وَنَزَلَ))[٢]

واتە: (( گوێم لە ( جریر )ی کوڕی ( عبدالله ) بوو ئەو ڕۆژەی کە ( المغیرة )ی کوڕی (شعبة ) وەفاتی کرد هەستا حەمدو سەنای خوای گەورەی کرد، وە فەرمووی: ((تەقوای خوای گەورە بکەن بە تەنهاییو شەریکی بۆ دامەنێن وە دان بە خۆ بگرن تاوەکو سەرپرشتیارێکتان بۆ دێت، بەڵکو ئێستا ئەو ئەمیرەتان بۆ دێت، پاشان

---

[١] أخرجه البخاري في الإيمان ( ٥٧ )، ومسلم في الإيمان حديث ( ٥٦ ).

[٢] أخرجه البخاري في الإيمان ( ٥٧ )، ومسلم في الإيمان حديث ( ٥٦ ).

فەرمووی: ((داوای عەفوو لێبوردن بکەن بۆ ئەمیرەکەتان، چونکە ئەو عـەفوو لێبـوردنی پێخۆشبوو، پاشان فەرمووی:

لە پاشاندا: من هاتم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ووتم: من بەیعـەتت پـێ دەدەم لـە سـەر ئیسلام، جا بە مەرجی گرت لە سەرم کە: ((ئامۆژگاریم هەبێت بۆ هەموو موسـڵمانێك )) جـا منـیش بەیعـەتم لـە سـەر ئـەوە پێـدا، سـوێند بـە پـەروەردگاری ئـەم مزگەوتـە مـن نەصیحەت کارو ئامۆژگاریکاری ئێوەم پاشان داوای لێخۆشبوونی کرد ودابەزی لـە سـەر منبەرەکە)).

ئیمامی بوخاری ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەم دوو فەرموودەیەی لە (( کتـاب الایمـان )) هێنــاوە لــە ژێــر باســی: ((باب قَـوْلِ النَّبِيِّ (ﷺ)« الـدِّينُ النَّصِـيحَةُ لِلَّهِ وَلِرَسُـولِهِ وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ »))

وە ئیمامی موسلیم ڕەحمەتی خوای لێ بێت یەکەمیانی لـە((کتاب الایمـان )) هێنـاوە هەروەها لە ژێر باسی: بيان ان الدين النصيحة، وە ئەمـە بەڵگەیـە لـە سـەر پلـەو پایـەی ئامۆژگــاری لــە لای خــوا وە لــە لای پێغەمبەرەکــەی وە لای پێشــەوایانی ئیســلام — ڕەحمەتی خوایان لێ بێت— .

## ❁ دیارترین بوارەکانی ئامۆژگاری و ئەمانەت دوو کارە:

١– بانگەوازکردن بۆ یەك خوا پەرستیو ئاگادار کردنەوە لە شیرك‌و ڕێگاكانی بە گشتی.

٢– بانگەوازکردن بۆ کۆکردنەوەی ئوممەت لە سەر بنەمای بیرو باوەڕی یەکخوا پەرستی، وە نەهی کردن لە ( فرقة ) و ( تفرق) وە هەماهەنگی لە نێوان بانگەواز خوازان بۆ لەناوبردنی هۆکارەکانی پارچە پارچەبون.

✍ **یەکەم:**

ئەمما بانگەوازکردن بۆ یەك خوا پەرستی بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئەمە بنچینەی هەموو پەیامەکانە وە پێویستە بنچینەی هەموو بانگەوازخوازان بۆ لای خوا لەم ئوممەتە بێت لە هەموو چەرخێك لە چەرخەکان، وە هەموو نەوەیەك لە نەوەکان بە شوێن کەوتنی پێغەمبەرانی ڕێزدار (ﷺ) بە گرتنە بەری مەنهەجی داناو حەکیمیان کە نێردەریان(مرسل) پەروەردگاری جیهانیانە داوای لێیان کردبوو کە دەفەرمووێت:﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ ........﴾ [النحل: ٣٦].

واتە: ( ئێمەبە تەحقیق بۆ هەموو گەلێك پێغەمبەرێکمان بۆ ناردوون بەوەی خوای گەورە بە تەنها بپەرستن وە شەریکی بۆ پەیدا نەکەن).

وە خـوای گـەورە ووریـایی دەدات بـە پێغەمبـەران و بـە ئوممـەتانیان لـە هاوبەشـی پەیداکردن دەفەرمووێت:

﴿وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٦٥ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ٦٦﴾[الزمر: ٦٥-٦٦].

واتە: **( بە حەقیقەت بۆ تۆ و بۆ پێغەمبەرانی بەر لە تۆ وەحی کراوە کـە ئەگـەر هاوبـەش بۆ خوا دابنێی بە ڕاستی کردەوەکـەت پـووچو بـەتاڵ دەبێـت وە لـە زیانکـەوتووان دەبیـت، بەڵکو تەنها خودا بپەرستەو لە سوپاسکاران بە ).**

جا با کەوانەکە بدەین بە دەست هاویژەرکەی بـا گرنگێتـی یەکخواپەرسـتیمان بـۆ بـاس بکاتو جێگاو پلەو پایەی لە ئیسلامدا، وە باسو خواسی لـە کیتـابی خـوای گـەورە لـە قورئانی پیرۆز.

پێشەوا ( **ابن القیم** ) – ڕەحمەتی خوای لیّ بێت – دەفەرمووێت: (( وە ئەمما ئـەو ( توحید )ەی کە پێغەمبەرانی خوا بانگەوازیان بۆ کردوە، وە کتێبەکانی بۆ دابەزانـدووە، جا بۆ ئەمە بوە هاتنی هەمووی.

**ئەویش دوو جـۆرە**: یـەك خـوا پـەرسـتی لـە ناسـینو سـەلماندن ( توحیـد في المعرفـة والاثبات )، وە یەك خوا پەرستی لە خواستو قەصد ( توحید الطلب والقصد).

**یەکەمیان:** حەقیقەتی زاتی پەروەردگارو ناوەکانی، وە صیفاتەکانی، وە کردەوەکـانی، وە بڵندێتی بە سەر ئاسمانەکانی لە سەرووی عەرشی، وە قسەکردنی بە کتێبـەکانی وە

قسەکردنی لەگەڵ هەر بەندەیەکی خۆی لەوەی کە ویستی لێ بوبێت، وە سەلماندنی سەرجەم قەزاو قەدەرو حوکمەکانی، وە قورئان زۆر بە ڕاشکاوی باسی لەم جۆرە کردوە هەروەك لە سەرەتای سورەتی(الحدید)، وە سورەتی(طه)، وە کۆتایی سورەتی(الحشر)، وە سەرەتای سورەتی (السجدة)، وە سەرەتای سورەتی (آل عمران)، وە سورەتی(الاخلاص) بە گشتی وە جگە لەمانەش.

**جۆری دووەم:** وێنەی ئەوەی سورەتی﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ۝١﴾ [الكافرون: ١] دەگرێتە خۆ، وە ووتەی: ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ۝٦٤﴾ [ال عمران: ٦٤]

واتە: (بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب وەرن بۆلای ووتەیەکی پێك هاتوو و یەکسان لە نێوانی ئێمە و ئێوەدا کە: هیچ پەرستراوێ نە پەرستین ئیللا خوا نەبێ، وە هیچ هاوتایەکی بۆ بڕیار نەدەین، وە هەندێکمان هەندێکمان نەکەین بە پەروەردگار گەردن کەچی بۆ بکەین لە غەیری خوا، جا ئەگەر ئەوان ڕویان وەرگێڕا و پشتیان لێکردن، بڵێین: ئێوە بەشایەد بن کە ئێمە موسڵمانین و غەیری خوا ناپەرستین).

وە سەرەتای سورەتی ( تنزیل الکتاب ) وە کۆتاییەکەی، وە سەرەتای سورەتی ( یونس ) وە ناوەڕاستی وە کۆتاییەکەی، وە سەرەتای سورەتی ( الأعراف ) وە کۆتاییەکەی، وە زۆربەی سورەتی ( الأنعام )، وە زۆربەی سورەتەکانی قورئان، بەڵکو

هەموو سورەتێك لە قورئان ئەم دوو جۆرە ( توحید )ە دەگرێتە خۆ، بەڵكو ووتەیەكی گشتی دەڵێین: هەموو ئایەتێك لە قورئان تەوحید دەگرێتە خۆو دەبێت بە شاهید بۆیو بانگەوازكارە بۆی چونكە قورئان: یان ئەوەتا هەواڵە سەبارەت بە خواو ناوە جوانەكانی وەصفەتەكانیو كردارەكانی، جا ئەمە تەوحیدی زانستی خەبەرییە (التوحید العلمی الخبری)وە یان بانگەوازە بۆ پەرستنی بە تاكو تەنها شەریكی نییە، وە ڕیشەكێش كردنی سەرجەم ئەوانەی كە جگە لە خوا دەپەرسترێت كە ئەمەش تەوحیدی ویستی خواستییە ( التوحید الارادی الطلبي ).

وە یان فەرمانو نەهییە، وە فەرمان كردنە بە گوێڕایەڵی وە طاعت كردن لە نەهیو فەرمانی، جا ئەمەیە مافەكانی یەكخواپەرستی تەواوكارییەكانی.

وە یان هەواڵە سەبارەت بە ڕێز لێنانی خوای گەورە لە ئەهلی تەوحیدو گوێڕایەڵانی وە ئەوەی پێی بەخشیون لە دونیا، و ئەو ڕێزە گەورەی لێیان دەگرێت لە ڕۆژی دوایی، ئەوە پاداشتی یەكخواپەرستیٚ كەیەتی.

وە یان هەواڵە سەبارەت بە ئەهلی شیرك، وە ئەوەی بە سەریانا هێناوە لە مەینەتی لە دونیا وە ئەوەی بە سەریاندا دەهێنێت لە سزای سەختی قیامەت، جا ئەوە هەواڵە سەبارەت بەو كەسانەی كە لە حوكمی یەكخواپەرەستی دەرچوونە، جا قورئان هەمووی باسی یەكخواپەرستیو مافەكانیو پاداشتەكانێتیو باسی شیركو ئەهلی شیركو سزاكانیيەتی[1].

---

[1] مدارج السالكين ( ٣ / ٤٤٩ – ٤٥٠ ).

وە لەگەڵ گرنگی هەموو جۆرەکانی یەکخواپەرستی وە گرنگیو بایەخدان پێی بە پەروەردە کردنو خوێندنەوە بۆ کردنو ئاراستە بۆ کردن، چونکە گرنگترینیانو لەپێشترینیان بە بایەخدان پێی وە چڕ کردنەوەی تواناکان لە لایەن بانگەوازخوازان بۆ لای خوا بەگشتی چ بە تاك تاك یان کۆمەڵ کۆمەڵ هەر بۆ ئەو: یەکخواپەرستییەی کە شەیتان دژایەتی دەکات بەو پەڕی دژایەتی کردن لە هەموو کاتو ساتێکدا لە سەردەمی نوحەوە (علیه السلام) تا ئەمڕۆمان تا ڕۆژی قیامەت ئەو یەکخواپەرستیە مەزنەی کە شەیتانو سەربازانی هەموو تواناو پیلانێکیان خستۆەتە گەڕ بۆ دوور خستنەوەی نەوەکانی ئادەم لێی.

لە (عیاض) ی کوڕی (حمار المجاشعي)خوای لیٚ ڕازی بێت دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕۆژێکیان لە ووتارەکەی فەرمووی: (( أَلاَ إِنَّ رَبِّي أَمَرَنِي أَنْ أُعَلِّمَكُمْ مَا جَهِلْتُمْ مِمَّا عَلَّمَنِي يَوْمِي هَذَا كُلُّ مَالٍ نَحَلْتُهُ عَبْدًا حَلاَلٌ وَإِنِّي خَلَقْتُ عِبَادِي حُنَفَاءَ كُلَّهُمْ وَإِنَّهُمْ أَتَتْهُمُ الشَّيَاطِينُ فَاجْتَالَتْهُمْ عَنْ دِينِهِمْ وَحَرَّمَتْ عَلَيْهِمْ مَا أَحْلَلْتُ لَهُمْ وَأَمَرَتْهُمْ أَنْ يُشْرِكُوا بِي مَا لَمْ أُنْزِلْ بِهِ سُلْطَانًا))[١] .

واتە: ( پەروەردگارم فەرمانی پیٚ کردووم بەوەی کە نایزانن فێرتان بکەم لەوەی کە فێری کردووم لەم ڕۆژەمدا: هەموو ماڵێك بەخشی بێتمە بەندەکانم حەڵاڵە، وە من بەندەکانی خۆم بە گشتی بە (حنيفي): واتە بە پاکیو لە سەر بنەمای یەکخواپەرستی درووست کردووە، بەڵام ئەوان شەیتانەکان هاتنە بن کلێشەیانەوە ئەو تەفرەیانی داو لە

---

[١] مسلم كتاب الجنة:باب الصفات التي يعرف بها في الدنيا أهل الجنة وأهل النار (٦٣)

دینەکەیان دەریانی کرد، وە ئەوەی من لەسەریانم حەرام کرد ئەو بۆیانی حەلاڵ کرد، وە فەرمانی پێکردن بەوەی هاوبەش‌و شەریکم بۆ دابنێن کە من بە هیچ شێوەیەك لە بارەییەوە هیچم دا نەبەزاندووە)).

بانگەوازکردن بۆ ئەم یەکخواپەرستیەو بۆ ڕووخاندنی دژەکەی کە شیرکە بۆ خوای گەورە هەرگیز خۆش نابێت لەم گوناهە، ئەم دووانە جێی ململانێیە لە نێوان پێغەمبەران‌و ئوممەتانیان وە لە نێوان کۆتای پێغەمبەران (ﷺ) وە دوژمنانی خوا هاوبەش پەیداکەران وە لە نێوان چاکەخوازان لە پێشەوایانی ئیسلام‌و ئەهلی بیدەع لە گۆڕ پەرستان لە جۆرەها لە تایفەکانی(رافضة) و (صوفي)یەکان ئەوانەی کە زۆرێك لە پارچەکانی جیهانی ئیسلامیان پڕ کردووە بەو ڕووکەشە شیرکێکانیان لە گۆڕ پەرستی‌و جەژن‌و ئاهەنگ گێڕان بەڵکو زۆرێك لە مزگەوتەکان پڕ کراون لەم گۆڕانە وە ئەوەی بە دەوریەتی لەم کارە خراپانە لە هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا هوتافات ووتن‌و هاوار کردن بۆ غەیری خوا وە نواندنی ملکەچی‌و زەلیلی بۆ غەیری خوا وە سەربڕین‌و نەزرکردن بۆ غەیری خوا بە بەرچاو بەڕەزامەندی‌و دانپیانانی زۆرێك لەو کۆمەڵە سیاسیانەو صوفیانە کە بەرگی بانگەوازی پۆشیوە بۆ لای خواو بانگەشەو ئیدیعای ڕێنموونی بەمرۆڤ دەکات بۆ ڕێگای خوا.

من خوێنەران یاد دەخەمەوە بەو مەنهەجە ڕاستەی کە پێغەمبەران‌و نێردراوان هەموو بە گشتی لە سەری ڕۆیشتوون هەروەها گەورە پیاوچاکو چاکەکاران کە ئەمان ڕاست گۆترینیانن لە بانگەوازکردن بۆ لای خوا وە لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی واقیع بە تۆکمەیی و بە ئازایی بە بێ لادان و ڕاکردن و فێڵ کردن.

ئەمە ڕوون و ئاشكرایە لە وێنــەی ووتــەی خــوای گــەورە: ﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ فَمِنۡهُم مَّنۡ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنۡهُم مَّنۡ حَقَّتۡ عَلَيۡهِ ٱلضَّلَٰلَةُۚ فَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ٣٦ ﴾ [ النحـل: ٣٦ ]

وە وێنەی ووتەی خـوای گـەورە: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ٢٥ ﴾ [ الانبياء: ٢٥ ]

وە ووتـەی: ﴿ وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٦٥ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ٦٦ ﴾ [الزمر: ٦٥-٦٦]

وە ئایەت زۆرە سەبارەت بە دەعوە و بانگەوازی پێغەمبەران بـە درێـژی کـە جێگـەی ئەوە نییە بیانهێنین.

ئەمما بانگەوازی کۆتای پێغەمبەران پێغەمبەرمان محمد ﷺ ئـەوە مـەعلومو زانـراوە لـە لای کەسـێك کـە کـەمترین شـارەزاییو بایـەخ دانـی هەبێـت بـە بانگـەواز و ژیـانی پێغەمبەر ﷺ چونکە ئەو سیانزە ساڵ مایەوە لە سەردەمی مەککی بانگـەوازی بـۆ ئـەم یەکتاپەرسـتییە دەکـرد، وە هێشـتا نوێـژ فـەرز نـەکرا بـوو کـە گـرنگترین پایەیـە دوای یەکخواپەرستی ئیللا لە پاش ساڵی دەیەم وە سەرجەم تەشریعەکانی تر، وە لەوانە:

پایە گەورەو مەزنەکانی ئیسلام دانەمەزرا ئیلا لـە سـەردەمی مـەدەنی نـەبێت لـە پـاش کۆچـکردنی پێغەمبــەر ﷺ وە جیهــادیش دانــەنرا لــە ســەردەمی مــەدەنی ئـیللا بـۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای ئەم یەکخواپەرستییە نەبێت .

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِۖ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَلَا عُدۡوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ١٩٣﴾ [البقرة: ١٩٣].

ابن جرير دەفەرمووێت: (( تاوەکو شەریك پەیدا کردن بۆ خوا نەبێت وە تاوەکو زاتێکی تر جگە لەو نەپەرستریێت وەپەرستنی بت و خوداوەندی درۆ و هاوبەش نەمێنێت، وە سەرجەم پەرستنەکان و طاعەتەکان بۆ خوا بە تەنها بکرێتو بت و صەنەم نەکرێت بە هاوبەشی)) .

قەتادە دەفەرمووێت: (( تا وەکو شیرك ( نەکرێت ) وە سەنەدەکانی هێنا بەم ڕاڤەکردنە لە ( قتادة ومجاهد والسدي وابن عباس والربيع)ەوە.

وە لە سوننەتەوە ئەو حەدیسەی کە ئەبوهورەیرە و جابر خوایان لیٚ ڕازی بێت لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان دەگێرنەوە دەفەرمووێت: ((أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّهُ، فَإِذَا قَالُوا: لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّهُ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّهَا وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ))[1] .

واتە: (( فەرمانم پێکراوە کە لەگەڵ خەڵکی بجەنگم تاوەکو دەڵێن: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ)، جا ئەگەر ئەوان ووتیان: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) ئەوە خوێن وماڵیان لە من حەرام دەبێت ئیلا بە حەقی ئیسلام نەبێت، وە حیسابیان لە لای خوایە)).

[1] حديث أبي هريرة رواه مسلم في الإيمان حديث (٣٥)، وحديث جابر رواه البخاري في الجهاد حديث (١٠٢)، ومسلم في الإيمان حديث(٣٣)

وە ئەوەی ئیبنو عومەر خوای لیٚ ڕازی بێت دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ: ((أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّ الإِسْلاَمِ ، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ))[1].

واتە: (( فەرمانم پێکراوە کوشتاری خەڵکی بکەم تاوەکو شایەتی دەدەن بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ): واتە: هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق شایانی پەرستن بیٚ جگە لە خوا نەبێت، وە(أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ)، وەنوێژ دەکەن، وە زەکاتی ماڵیان دەردەکەن، وە هەر کات ئەوان ئەمەیان ئەنجامدا ئەوکات خوێن و ماڵیان لە من پارێزراو دەبێت، جگە بە حەقی ئیسلام نەبێت وە حیسابیان لە لای خودایە.))

وە من نامەوێت درێژە بدەم بە هێنانی ئەو حەدیسانەی لەم واتەیەدایە جگە لەوەی من دەمەوێت جەخت بکەم لە سەر گشتگیری پەیامەکان بۆ هەموو خێرێك و ئاگادارکردنەوە لە هەموو شەڕێك وە گشتگیرتر و فراوانتر و بە قولآ چوون پەیامەکەی محمد ﷺ.

وە لەگەڵ ئەم گشتگیریو فراوانییە، ڕێکخستن و دەستپێکردن بە گرنگتر و گرنگتر زۆر ڕوون و ئاشکرایە لە سەرجەم پەیامەکان، وە لە بانگەوازی پێغەمبەری خوا ﷺ هەر وەك لە پێشاندا ئاماژەمان بۆ کرد، وە ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر تەرتیب و ڕێکخستن ڕاسپاردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ هاوەڵی بەڕێزی ( معاذ ) کوڕی ( جبل ) خوای لیٚ ڕازی بێت بە وتەی: ((إِنَّكَ تَأْتِي قَوْمًا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ. فَلْيكُن أَوَّلَ ماتَدْعُوهُمْ

[1] أخرجه البخاري في الإيمان، حديث ( ٢٥ )، ومسلم في الايمان (٣٣).

إِلَيـهِ شَـهَادَةِ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّهُ – وفي روايـةٍ: إِلَى أَنْ يُوَحِّـدُواْ الله – وَأَنِّ رَسُـولُ اللَّهِ فَـإِنْ هُـمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ فِي فُقَرَائِهِمْ فَإِنْ هُمْ أَطَـاعُوا لِـذَلِكَ فَـإِيَّاكَ وَكَـرَائِمَ أَمْـوَالِهِمْ وَاتَّـقِ دَعْـوَةَ الْمَظْلُـومِ فَإِنَّـهُ لَـيْسَ بَيْنَهَـا وَبَـيْنَ اللَّهِ حِجَابٌ))[٣].

واتـە: (( تـۆ دەچـیت بـۆ لای قـەومێك ئـەوان ئـەهلی كیتـابن ( واتـە گـاورن یـان جوولەكەن) جا با یەكەم بانگەوازت بۆیـان بانگـەواز بێـت بـۆ شـەهادەی (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) [وە لە ڕیوایەتێكی تردا – تاكو خودا بە تەنها دەپەرستن –] وە من پێغەمبـەری خـوام جا ئەگەر ئەوان وەلاَمیان دایەوەو گوێڕایەڵ بوون ئەوە شارەزاییان بكە بـەوەی خـوای گەورە پێنج نوێژی لە شەو و ڕۆژیٚ فەرز كردووە، وە ئەگەر ئەوان گوێڕایـەڵیان بـوو بـۆ ئـەوە، ئـەوە شـارەزاییان بكـە بـەوەی خـوای گـەورە لـە سـەریانی فـەرز كـردووە صـەدەقەیەك ( ماڵێـك ) لـە دەوڵەمەنـدەكانیان وەردەگیرێـتو بـە هـەژارەكانیان دەبەخشرێت، جا ئەگەر ئەوان گوێڕایەڵیان هەبوو بۆ ئەمە ئەوە تۆ وریا بـە نەكـەیت لـە چاكترین جۆری ماڵیان نزیك ببیتەوە، وە لە دوعای ستەم لێكراو خـۆت بپـارێزە چـونكە هیچ پەردەیەك نییە لە نێوان دوعای ئەوو خوای پەروەردگار).

---

[٣] أخرجه البخاري في المغازي حديث ( ٤٣٤٧ )، ومسلم في الإيمان حديث (٢٩-٣٠) .

وه حەدیسی ( بریده ) کوڕی ( الحصیب ) و ( نعمـان ) ی کـوڕی (مقـرن) – خوایـان لـیٚ ڕازی بێـت – دەفـەرموون: ((كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا بَعَثَ أَمِيرًا عَلَى جَيْشٍ أَوْ سَرِيَّةٍ أَوْصَاهُ بِتَقْوَى اللَّهِ فِي خَاصَّةِ نَفْسِهِ، وَبِمَنْ مَعَهُ مِنَ الْمُسْلِمِينَ خَيْرًا...))[1].

واتە: (( کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمیرێکی بە سەر سریەیەکەوە یان سوپایەکەوە بناردایە وەصیێتی خێریٚ پیٚ دەکـرد بـە تـەقوای خـوای گـەورە بـۆ خـودی خـۆیو بـەو موسڵمانانەی کە لەگەڵیان ..)).

وە ئەوەی تێدایە فەرمان کردنی بە بانگەواز کردنیان بۆ سیٚ مەسەلە.

لە وانە: بانگەوازکردنیان بۆ ئیسلام جا ئەگەر ملیان نەدا و ڕازی نەبوون ئەوە سەرانە ( جزیە )یان لـیٚ وەردەگیرێـت، وە ئەگـەر ملیـان بـۆ سـەرانەش نـەدا ئـەوا کوشـتاریان دەکرێت، جا ئەم تەرتیبە ڕوونە وە بنچینەیەکی بەردەوامە لە ژیانی وە لە وەسێتەکانی بۆ بانگەوازخوازان وە ئەمیرەکانی سوپاو سریەکان.

وە بانگـەوازی تازەکـەرەوەکانی چاکسـازان ( المجـددین المصـلحین ) بـەم مەنهەجـە مەزنە دانایە ڕۆیشتوون وەك دەعوەی (شیخ الاسـلام إبـن تیمیـة )و وە قوتابییـەکانی، وە دەعـوەی (شـیخ الاسـلام محمـد بـن عبـدالوهاب) وە قوتابییـەکانی، وە بانگـەوازی پێشەوایان صەنعانی وە شەوکانی، وە بانگەوازی زانایـانی سـوننەو حـەدیس لـە هینـدو پاکستان و مصر و شامو جگـە لـەو شـوێنانەش، وە کـەس لـەم مەنهەجـە دەرنەچـووە

---

[1] أخرجـه مسـلم في الجهـاد حـديث (١٧٣١)، وأبـو داود في الجهـاد حـديث (١٦١٢)، والترمـذي في السـير (١٦١٧)، وابن ماجه في الجهاد حديث (٢٨٥٨) .

مەگەر کەسێك کە نەیناسی بێت وە ئاڕاستەیەکی تر بە سەری زاڵ بێت یان سیاسی وە یان صۆفی و یان هەر دوو بە یەکەوە.

**جا پێویستە بە حەقیقەت لە سەر میراتگەرانی پێغەمبەران:** ئەم مەنهەجە بگرنە بەر، وە دروست نییە بۆیان پێچەوانەی بکەن بە پێی شەرع‌و بە پێی عەقلیش لە بەر ئەم هۆیانە:

**یەکەمیان:** ئەمە ئەو مەنهەجەیە کە خوا پیٚ ڕازی بووە بۆ سەرجەم پێغەمبەران، وە ئەوانیش پیادەیان کردووە و لە سەری ڕۆیشتوون بۆ بانگەوازکردنی گەلانی خۆیان لە سەرەتایانەوە تا کۆتایان کە محمدە ﷺ جا دەرچوون لێی فەرامۆش کردنی فەرمانی شەرعی خوایە کە پێغەمبەران جیٚ بە جێیان کردووە، وە ئیستدراك کردن‌و ڕاستکردنەوە وە چاککردن بە سەر خواو پێغەمبەری خواو کتێبی خوا و تانەدانە لە عیلم و زانستی خوداو وە دانایی خودا بە بیٚ ئەوەی هەست بکەن.

**دووەمیان:** پێغەمبەران پابەندی ئەو مەنهەجە بوونەو جیٚ بە جێیان کردووە کە بەڵگەیەکی ڕوون‌و ئاشکرایە کە ئەمە جێی ئیجتهاد کردن نییە.

**سێیەمیان:** خوای پەروەردگار واجب‌و پێویستی کردووە لە سەر پێغەمبەری سەروەرمان – کە فەرز کراوە لە سەرمان شوێنی بکەوین – کە پەیڕەوییان بکات وە شوێنیان بکەوێت، وە شوێنی مەنهەج و ڕێبازیان بکەویت جا لە پاش ئەوەی باسی هەژدە پێغەمبەری کرد فەرمووی: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ﴾ [الانعام: ٩٠]

واتە: (ئەوانە واتە پێغەمبەران کەسانێکن کە خوا ڕێنمونی کردوون، جا پەیڕەوی لە ڕێنمونی ئەوان بکە)

جا پێغەمبەر ﷺ پەیڕەوییانی کردووە شوێنیان کەوت لەوەی دەستی کرد بە یەکتاپەرستی و جەختی لە سەر کردووە بەو پەڕی جەختکردنەوە بایەخی زۆری پێدا.

**چوارەم:** کاتێك بانگەوازەکەیان بەو پەڕی کامڵی و تەواوی وێنەکەی ڕەونقی دایەوە بانگەوازی خۆشەویست و خەلیلی خوا ئیبراهیم – علیه الصلاة والسلام – باوکی پێغەمبەران و پێشەنگی هەموویان خوای گەورە زیاتر جەختی لە سەر کردەوە و بەوەی فەرمانی بە پێغەمبەرمان محمد ﷺ کرد بەوەی پەیڕەوی مەنهەجەکەی بکات فەرمووی: ﴿ ثُمَّ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ أَنِ ٱتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٣﴾ ﴾ [ النحل: ١٢٣ ]

واتە: (لەپاشان سروشمان بۆ تۆ نارد کە لە ئایینی ئیبڕاهیم کە پاك و ڕاستەو لە موشریکان نەبوو پەیڕەوی بکە)

وە فەرمان کردن بە پەیڕەوی کردنی دەستگرتن بە میللەتەکەیەوە کە یەکتاپەرستی و دژایەتیکردنی شیرکە، وە گرتنە بەری ڕێبازو مەنهەجەکەی دەگرێتەوە، لە دەستپێ کردنی بانگەوازەکە بە یەکتاپەرستی.

وە هەروەها خوای گەورە زیاتر جەختی لە سەر کردۆتەوە بەوەی فەرمانی کردووە بە ئوممەتی محمدﷺ بە شوێن کەوتنی میللەتی ئەم پێغەمبەرە بەرخودانە، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ قُلْ صَدَقَ ٱللَّهُ ۗ فَٱتَّبِعُوا۟ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٩٥﴾ ﴾ [ آل عمران: ٩٥ ].

کەواتە ئوممەتی ئیسلامی فەرمان پێکراوە بە شوێنکەوتنی ڕێبازەکەی، جا هەروەك چۆن دروست نییە پێچەوانەکردنی لە ڕێبازو میللەتەکەی بەو شێوەیەش دروست نییە پێچەوانەکردنی لە مەنهەجەکەی لە دەست پێکردن بۆ بانگەوازکردن بۆ یەکخواپەرستی و لەناو بردنی شیرك و هاوشێوە و پەیامەکانی.

**پێنجەمیان:** خوای گەورە لە (( محکم ))ی کیتابی پیرۆزی دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩﴾ [النساء: ٥٩]

واتە: (ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە گوێڕایەڵی خوا بکەن‌و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکەن وە (گوێڕایەڵی) فەرمان ڕەوایانی خۆتان بکەن، جا ئەگەر لە کارو باسێکدا تووشی جیایی بیرو ڕا بوون بیگێڕنەوە بۆ فەرموودەی خواو پێغەمبەر، ئەگەر بە خوا و ڕۆژی دوایی بڕواتان هەیە، ئەمە بۆ ئێوە چاکترە و ئەنجامیشی باشترە)

جا گەر بگەڕێینەوە بۆ قورئان دەبینین پێغەمبەرانی خوا بە گشتی – صلوات الله وسلامه عليهم – یەکەم بانگەواز کە بانگەوازی بۆ دەکەن یەکخواپەرستی یە، وە یەکەم شت کە نەهی لیٚ دەکەن و ئاگاداری لە سەر دەدەن شیرکە، بینیمان کە خوای گەورە فەرمانمان پیٚ دەکات بە شوێن کەوتنیان وە گرتنە بەری مەنهەجیان، وە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لای پێغەمبەرﷺ دەبینین بانگەوازەکەی بۆ یەکخواپەرستی و دژایەتی کردنی شیرك و هاوبەش پەیداکردن دەستپیٚ کردووەو بەوەش کۆتایی پێهێناوە، بەڵکو دژایەتی هەموو دیاردەکانی شیرك و ڕێگاکانی و هۆکارەکانی گرت.

✍ **دووەم:**

وە ئەمما **بانگەواز کردن بۆ کۆکردنەوەی ئوممەتو یەك دەنگ بوونیان لە سەر ئەو بنەمایەی کە باسمان لێوەی کرد**، وە نەهی کردن لە جیاوازیو ناتەبایی و دوو بەرەکیو حیزبایەتی جا دەڵێین: ئاینی ئیسلام ئاینی یەکخواپەرستی و کۆکردنەوە و یەکریزی یە کتابی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ بانگهێشتی بۆ کردووە وە هاوەڵانی بەڕێز دەرکیان بە قووڵی پێکردووە ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لیّ بێت وە شوێنکەوتووانیان بە چاکە لە پێشەوایانی ئیسلام و ڕێنمونی کارانو ئامۆژگاری کاران بۆ ئوممەت، خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِكُمۡ فَأَصۡبَحۡتُم بِنِعۡمَتِهِۦٓ إِخۡوَٰنٗا وَكُنتُمۡ عَلَىٰ شَفَا حُفۡرَةٖ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنۡهَاۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ ١٠٣ ﴾ [آل عمران: ١٠٣]

واتە: (وە هەموو دەس بگرن بە دینی خوا وە لێك جیا مەبنەوە، وە نیعمەتێك کە خواپێی داون بیهێننەوە بیر، ئەو دەمەی کە دوژمنی یەکتری بوون، جا ئەو دڵ و دەروونی ئێوەی یەك خست، جا بە نیعمەتی (خوا) بوونە برا (ی دینی) یەکتر، وە ئێوە لەسەر لێواری هەڵدێری (پڕ) لە ئاگردا بوون، جا ئێوەی ڕزگار کرد ئابەم جۆرە خوا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە بەیان دەکا بەڵکو بکەونە سەر ڕێگای ڕاست).

وە خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٥٣﴾ [الانعام: ١٥٣].

واتە: (بەهەقیقەت ئەمە ڕێگای ڕاستو دروستی منە جا بەودا بڕۆنو بیگرنەبەر بە ڕێبازو ڕێچکەی ترا مەڕۆن نەوەکو ئێوە لە ڕێگای خوا جیا بکاتەوەو لاڕێ بن، ئا بەم جۆرە خوا بە ئێوەی ڕاسپاردووە تاوەکو بە تەقواو خۆپارێز بن).

وە خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ ٱتَّبِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ وَلَا تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَۗ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ ٣﴾[الاعراف: ٣].

واتە: (پەیڕەوی بکەن لەوەی کە پەروەردگارتان بۆتانی دابەزاندووە کە قورئانە، وە بێجگە لە خوا لەسەرپەرستانی تر پەیڕەوی مەکەن، زۆر کەم دەکەونە بیر).

وە خوای گەورە لە چەندەها ئایەت فەرمان دەکات بە تاعەت و گوێڕایەڵی کردنی وە تاعەت کردن و گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەرەکەی وە شوێنکەوتنی کیتابەکەی، وە پێغەمبەری خوا ﷺ بکرێت بە پێشەنگو ڕابەر بۆ ئەوەی دڵەکانو دەروونەکان و هەستەکان لە سەر ئەوە یەك بگرێت وە کۆ ببێتەوە لە پاش ئومێدبون لە خواو ڕۆژی دوایی، وە بەدەستهێنان و بردنەوەی ئەو نیعمەتە نەبڕاوانەی کە لە لای خوای گەورەیە.

وە فەرمانی کردووە بە شوێنکەوتنی ڕێگەی باوەڕداران کە ئەویش بەرحەق بوون و کۆبوونەوەیان لە سەر حەق وە هەڕەشەی کردووە لەو کەسانەی کە لەو ڕێگەیە لا دەدەن، خوای بالاّ دەست دەفەرموویێت:

﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾﴾ [النساء: ١١٥].

واتە: (وە هەرکەس دوای ئاشکرا بوونی ڕێگای ڕاست لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) ئاگادارانە دژایەتی بکاو ڕێگای بێ بڕوایان بگرێتەبەر (ڕێگای غەیری ڕێگای هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ) ئێمەش ڕای دەکێشین بەو ڕێگایەی وا پێیدا دەڕوا بە دەردەوە ئەیکێشینە دۆزەخ، وە ڕێباز و جێگایەکی بەدی بۆ هەیە).

وە خوای گەورە هەواڵی واقیعی باوەڕدارانی داوە بەوەی کە پێویستە ببێت وە پێویستە بە کردەوە دەستە بەری بکەن:

ئەویش برایەتییە خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ﴾ [الحجرات: ١٠]

واتە: (( بەڕاستی باوەڕداران برای یەکترن )).

وە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك، و بە گەیاندنی صیلەی ڕەحم ( پەیوەندی خزمایەتی)، وە چاکەکردن لەگەڵ دراوسێ، وە لەگەڵ خزمانی نزیك و جگە لەمانەش لە کاری چاکەو ئیحسان کە دەبێتە هۆی پتەو کردنی گیانی برایەتیو خۆشەویستی و ئەوینایەتی، وە ئەم کۆبوونەوە مەشروعە و ئەم یەکگرتنە خوازراوە دەستەبەر دەکرێت بەو شێوەیەی کە خوای گەورە پێی ڕازیە وە لە سەر ئەو بنەمایەی کە کۆبوونەوەی تێدا دروست کردوە بۆ دەستەبەر کردنی.

وە سوننەتی پێغەمبەری خواش ﷺ هاتوە بۆ جەخت کردنی ئەم کارە مەزنە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە بە دەست پێوەگرتنی کیتابی خوا و سوننەتی، و نەهی کردووە لە تەفرەقە .

لەو فەرموودانە ووتەی ﷺ: ((أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى اللَّهِ وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ وَإِنْ تَأَمَّرَ عَلَيكُمْ عَبْدٍ، فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلاَفًا كَثِيرًا، فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ، عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ، وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ، فَإِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ))[1].

واتە: (( وەصیەتتان بۆ دەکەم بە تەقوای خوای گەورە، و بە گوێگرتن و گوێڕایەڵی و طاعەت کردن، ئەگەر کۆیلەیەکیش کرا بە سەرپەرستیارتان چونکە گەر کەسێك لە ئێوە خودا تەمەنی درێژ بکات ئەوە جیاوازی و ناکۆکی و ناتەباییەکی زۆر دەبینێت، جا ئێوە دەست بگرن بە سوننەتی منەوە وە سوننەتی خولەفای پێشەنگ و هۆشیار و ڕێنموونی کراوان (الخلفاء الراشدين )، قەپی پیا بکەن بە چوار ددانی ژێر و عاقڵی، وە ووریا بن لە کارە داهێنراوەکان، چونکە هەموو داهێنراوێك ( لە ئایین دا ) گومڕاییە).

وە ووتەی ﷺ : (إِنَّ اللَّهَ يَرْضَى لَكُمْ ثَلاَثاً وَيَسْخَطُ لَكُمْ ثَلاَثاً: يَرْضَى لَكُمْ أَنْ تَعْبُدُوهُ وَلاَ تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئاً وَأَنْ تَعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفَرَّقُوا وَأَنْ تُنَاصِحُوا مَنْ وَلاَّهُ اللَّهُ أَمْرَكُمْ وَيَسْخَطُ لَكُمْ: قِيلَ وَقَالَ وَإِضَاعَةَ الْمَالِ وَكَثْرَةَ السُّؤَالِ)[1].

واتە: (( لە پێشووتر واتامان کرد...)).

---

[1] أبوداود في السنة حديث (٤٦٠٧)، وأحمد(٤/١٢٦)، والترمذي في العلم حديث(٢٦٧٦)، وصححه الألباني~.

[1] رواه مسلم في الأقضية (١٧١٥)، وأحمد(٢/٣٦٧)، ومالك في (الموطأ ٢/٩٩٠) .

وە ئەوەی کە ( عبدالله ) ی کوڕی ( مسعود ) خوای لیٚ ڕازی بێت بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرمووێت: ((خَطَّ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ خَطًّا ثُمَّ قَالَ « هَذَا سَبِيلُ اللَّهِ، ثُمَّ خَطَّ خُطُوطاً عَنْ يَمِينِهِ وَعَنْ شِمَالِهِ – ثُمَّ قَالَ – هَذِهِ سُبُلٌ عَلَى كُلِّ سَبِيلٍ مِنْهَا شَيْطَانٌ يَدْعُو إِلَيْهِ ». ثُمَّ قَرَأَ: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ﴾))[٢].

واتە: ((ئەمە ڕێگەی خودایە، پاشان چەند هێڵێکی کێشا بەلای ڕاست و چەپی و فەرمووی: (( ئەمە چەند ڕێچکەو ڕێگەیەکە لە سەر هەر ڕێچکەو ڕێگەیەك شەیتانێك لە سەرێتی بانگەوازی بۆ دەکات، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ﴾ [ الانعام: ١٥٣ ].

وە ووتەی ﷺ : ((ذَرُونِي مَا تَرَكْتُكُمْ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ مِنْ قِبَلِكُمْ كَثْرَةُ سُؤَالِهِمْ وَاخْتِلاَفُهُمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ، فإِذَا نَهَيْتُكُمْ عَنْ شَيءٍ فَاجْتَنِبُوه، وَإذا أَمَرْتُكُمْ بِأَمْرٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ))[٣] .

واتە: (( پابەند بن بەوەی کە لە سەری بە جێتانم هێشت، چونکە ئەوانەی بەر لە ئێوە لەناوچوون بە هۆی پرسیار زۆریو ئیختیلافیان لەگەڵ پێغەمبەرانیان، جا ئەگەر نەهیم کرد لێتان لەشتێك ئەوە خۆتانی لیٚ دوورخەنەوە، وە ئەگەر فەرمانم بە شتێك پێتان کرد ئەوەندەی لە تواناتاندایە بە جێی بهێنن )) .

---

[٢] أخرجه أحمد في المسند (٤١٤٢)، والحاكم في المستدرك (٣١٨/٢) .

[٣] البخاري في الاعتصام حديث ( ٧٢٨٨ )، و مسلم في الحج حديث ( ١٣٣٧ ).

ڕاستە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَّقَدۡ جِئۡتُمۡ شَيۡـًٔا إِدّٗا ٨٩﴾[ مریم:٨٩] واتە: ( بە ڕاستی ئێوە ووتەیەکی دزێو و خراپتان هێناوە )، وە بەردەوام بوون و درێژەیان پێدا ئەهلەکەی سەدان سالٚ وە هۆگری بوون، وە ئەو هەولٚ و کۆششە نەکرا بۆ کۆتایی پیٚ هێنانی، وە ئوممەت لە دەستی ڕزگاری ببیٚ وە سەرکردەکانی ( فتنە و فرقە ) ئاوڕیان نەدایەوە لە ووتەی خوای گەورە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩﴾ [ النساء: ٥٩ ] .

هیچ هەولٚێك نەدرا بۆ بنبڕ کردنی جگە لە لایان پێشەوایانی ئەهلی سوننە و کۆمەلٚی ڕزگار بوو سەرکەوتوو نەبیٚ ( الطائفة الناجية المنصورة)، وە هەموو هەولٚەکان لە غەیری ئەم ڕێگەیەوە مۆفەق و سەرکەوتوو نەبووە لەو هەولاٚنە، وە ڕێگەی چارەسەری دروستیان نەدەزانی وە نەیان دەدۆزییەوە بەلٚکو چارەسەری نەدەکرا ئیلا لە بابی: (( وداوني بالتي هي الداء)) بەوە چارەسەرمی کرد کە خۆی دەردە، بەلٚکو لە خەست کردنی قوڕەکە زیاتر هیچی تر نەدەکرا، بەلٚکو دەبینی لە باری ( خیلاف ) وە مەترسێکانیان کەم دەکردەوە وە تۆ دەبینیت ئەمە کارێکی گرنگە پێویستە پابەندی بیت بەلٚکو هەموو تواناکان کراونەتە گەڕ بۆ لە ناوبردنی یاخود تەسك کردنەوەی بازنەکەی کاری ناپەسەندە ئوممەت پارچەپارچە ئەکات، بە تایبەت لەم زەمانەی ئێمەدا کە قەزێی خیلافو ناکۆکی فەرامۆشی پیٚ دەکریٚ لە لایەن **بانگەواز خوازە سیاسیٚ حزبێکانەوە** تەنانەت لە قوولاٚیی بابەتە عەقائیدێکانەوە، وە کۆشش کراوە بۆ

لەیەك نزیك كردنەوەی ئەهلی قیبلە– وەك بانگەشە دەكەن– بە تایبەت لە نێوان ئەهلی سوننەو ڕافزێكان، ئەو لێك نزیك كردنەوەی كە بەتاڵ بەسەر حەق سەر دەكەوی، وە سوكایەتی بەحەقو خاوەن حەقان دەكرێت.

وە بە داخەوە ئەم كارە لەلای هەندێ خەڵك بە چاكە و جوامێری و شانازی دەژمێردرێت، وەك شانازی كردن ووتراوە، فلأنە كەس لە چلەكان ئەندامێكی چالاك بوو لە كۆمەڵەی نزیك كردنەوە لە نێوان مەزهەبە ئیسلامییەكان لە سوننە و شیعە ( التقریب بین المذاهب الاسلامیة من سنة و شیعة )، باوەڕدار بوو بەوەی زەمینەی ئیسلامی هاوبەشی فراوان دەبێت بەڵكو پێویستی بە كۆكردنەوەی سەرجەم هەوڵەكانە، وە هەر یەك لە سەر بیر و باوەڕی خۆی بمێنێتەوە ـــ واتە: ڕافزێكان لە سەر بیروباوەڕی پووچی خۆیان بمێننەوە بەمانەوە لە سەر جنێودان و بە كافركردنی هاوەڵأنیشەوە، وە باوەڕی ئەوەی كە هاوەڵأن قورئانیان تەحریف كردووە و شێواندوویانە و زیاد و كەمیان كردووە ـــ وە بۆ درێژەپێدان بەم فیكرە ئەمڕۆ نوسراو دەنوسرێتەوە و كتێب دادەنرێت بۆ سەقامگیر كردن و چەسپاندنی ئەم جیاوازی و ناكۆكی ئیختیلافاتانە لە ژێر دروشمی (دروستێتی فرەیی سیاسی، جواز التعدد السیاسی) وە لە ژێر دروشمی ((هاوكاری یەك دەكەین لەوەی كە لە سەری پێكهاتووین وە پاساو بۆ یەك دەهێنینەوە لەوەی كە لە سەری ناكۆكین)) بە بێ ئاوڕدانەوە لە بڕیار دراوەكانی قورئان و سوننەت و مەنهەج و ڕێبازی زانایانی ئوممەت لە بارەی ترسناكی و خەتەری خیلاف و ناكۆكی وە شەڕ و زیانی.

وە سەبارەت بە پێویستی دەستگرتن بە قورئان و سوننەتەوە و لەناوبردنی ناکۆکی و دوو بەرەکی یان تەسك کردنەوەی سنوور بازنەکەی بە پێی توانا، ئەم بەلآیە ناڕەحەتە لە سەر عاقلآنی خاوەن حەق ئەوانەی کە ئەم لادانانە ناڕەحەتیان دەکات و خەویان لیٚ دەتۆرێنێت لەت لەت بوونی ئەم ئوممەتە بۆ تاقم و حیزب حیزب﴿ كُلُّ حِزْبِۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٥٣﴾﴾ [المؤمنون:٥٣ ]

وە ئەوان وا دەبینن لە ئامۆژگاری بۆ ئەوان هەولٚ و کۆششی جدیانە بۆ بەرچاو ڕۆشنکردنەوەیان و بۆ ڕێنمونی کردنیان بۆ دەرچون لەم واقعە تاڵەی کە ئەوان تیایان لەم دوونیا یە، وە لەوەش ترسناکتر لێیان عیقاب و سزای دوا ڕۆژە.

بۆیە پێویستە لە سەر هەر کەسێك کە بەهای پەیامی محمدی ﷺ بۆ دەرکەوتووە کە دلٚ و ناخەکانی لە سەر حەقی بێخەوش کۆ کردۆتەوە وە واتاکانی خێری تیا چەسپاندووە، وە هۆکارەکانی برایەتی و خۆشەویستی بۆ خوا و لە بەر خوای دەستەبەر کردووە، وە هۆکارەکانی دووبەرەکی و ناکۆکی لە ناو بردووە، وە تاکەکانی ئەم ئوممەتەی گێڕاوە بەخشت گەلێکی چاك و پاشان بە قەلآیەکی پتەو و بەهێز هەندێکیان هەندەکەی تر قایم دەکات.

ئەمما بانگەواز کردن تەنها بۆ کۆ کردنەوە و ( دخل ) و ( دخن )، وە کۆ کردنەوە لە نێوان پێچەوانە و هاودژەکان لە بیر و باوەڕ و ڕێبازو مەنهەجەکان، وە نێوان دلٚ و هەستە لە یەك ڕاکردووەکان، چونکە ئەوە هیچ شتێك دەستەبەر ناکات، کە خوای گەورە ڕازی بکات و ڕەق و خەشمی خودا هەلگریٚ بەوەی پێچەوانەی ڕەزامەند بوون و

ئەوەی بە شەرعی گێڕاوە لە بیر و باوەڕ و یاسا، وە ئەو بانگەوازە سیاسی و بە پەلانە هیچیان بۆ بە دەست نایە لەو خەیاڵ و ئەندێشانەی دەیکەن لە دروست بوونی دەوڵەتێکی تۆکمەو بەهێز کە بەرەنگاری دوژمنان بێتەوە لە گاورو جوولەکە و داگیرکەران وە لە ڕووی ئەم جووڵەو زریانە بوەستێت لەپاشان لە هەمان کاتدا ئەم هەوڵ و تێکۆشانانە دوورە و زۆر دوورە لە هەستان بە واجبی ئامۆژگاری بۆ ئوممەت لە ئاینیان وە لە بیر و باوەڕیان و پەرستنیان کە گەشتۆتە مەودایەکی ترسناك لە فەساد و لادان لە ڕێگای ڕاستی خودا، جا چۆن خودا ڕازی دەبێت لە کۆمەڵ کۆمەڵێکی وێنەیی بەتاڵ بیناکراو لە سەر بیدعەو گومڕای و خورافات؟ وە چۆن ڕازی دەبیٚ لە دەوڵەتێك کە بیناکراوە لە سەر دووری دڵەکانیو ڕووەکان لە بیرو باوەڕ و ڕێگەو مەنهەجەکان، وە لە سەر شتە نامۆ و سەیر و سەمەرەکان لە پێچەوانەکان.

بە ڕاستی عەقڵ و فیترەتی پاك قەبوڵی ناکەن زۆر بە توندی ڕەتی دەکەنەوە چ ئەوەی شەرع کە هیچ کردەوەیەکی بەندەکان ڕازی نابێت وە قەبوڵ ناکات ئیللا ئەو کردەوەیە نەبیٚ کە ئیخلاصو بیٚ خەوش بۆ خوایە، ئەگینا ئەوە پابەند نەبوە بەوەی کە وەحی بۆ کردوە و پێغەمبەری بۆ ڕەوانە کردوە و کتێبی بۆ نازل کردوە: ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾﴾ [الكهف: ١١٠]

واتە: (جا هەرکەسێك کە هیوای بە لیقاو گەیشتنی پەروەردگاری هەیە, با کارو کردەوەی باش ئەنجام بدا و لە پەرستش کردن بۆ پەروەردگاری خۆی کەسیٚ نەکاتە هاوبەشی).

جا خالص‌و بێخەوش ئەوەیە کە بۆ خوا بێت و مەبەست هەر بۆ ئەو بێت، وە زۆرینەی ئەو کۆمەڵە سیاسیانە لە سەر بیدعەو بەتاڵن بینا نەکراون ئیللا لە سەر هەواو تەماحە شەخصیەکان نەبێ بۆ پلە و پایەو گەشتن بە کورسی‌و دەسەلأت.

## ئەو بەڵگانەی کە لەسەر حەرام کردنی ئیختلاف لە نێوان ئوممەتی ئیسلامی هاتووە

## وە زەم و سەرزەشتی ئەمە لە شەرعی ئیسلام و هەڵویستی زانایانی ئامۆژگار لەمە

خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَاتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾﴾ [الروم: ٣١ – ٣٢].

واتە: (تۆبە کارانە بۆلای خوا بگەڕێنەوە و لەو بترسن و نوێژ بکەن‌و ئیوە لـە موشـریکان مەبن، لەوانەی کە دینی خۆیان لەت لەت کردو بوونە دەستە دەستە و هەر دەسـتەیێ بـەوەی کە هەیبوو دڵبەستەو شاد بوو).

وە خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴿٤٦﴾﴾ [الانفال: ٤٦]

واتە: (وە لە نێو یەکدا ناکۆك مەبن دوایی فەشـەل دێـنن‌و ووزە و هێزتـان تیـا ئەچـێ وە ئارام بگرن، بەڕاستی خوا لەگەڵ ئارامگرانە).

وە دەفـــــەرمووێت: ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ كَبُرَ عَلَى ٱلۡمُشۡرِكِينَ مَا تَدۡعُوهُمۡ إِلَيۡهِۚ ٱللَّهُ يَجۡتَبِيٓ إِلَيۡهِ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾ ﴾ [الشوری: ١٣]

وە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ ﴿٤﴾﴾ [البینة: ٤]

واتە: (وە ئەهلی کتێب (لە دینی خـوا) لێـك جیـا نەبوونـەوە, ئـیللا لـەپاش ئـەوەی کـە بەڵگەی ڕوونیان بۆ هات).

وە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَٱخۡتَلَفُواْ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿١٠٥﴾ ﴾ [آل عمران: ١٠٥]

واتە: (وە وەکو کەسانێك مەبن کە لێك جیا بوونەوە و دژایەتیان لەگەڵ یـەکا کـرد دووای ئەوەی کە نیشانەکانی ڕوونـی (پـەروەردگاریان) پـێ گـەیی، وە بـۆ ئەمانـە عـەزابی گـەورە هەیە).

وە دەفەرموویێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ١٥٩﴾ [الانعام: ١٥٩]

واتە: (بەڕاستی ئەوانەی کە ئایینەکەی خۆیان پارچە پارچە و بەش بەش کرد وە بوون بە چەن دەستە و تاقمێك وە هەر دەستە و تاقمێك شوێنی پێشەوایەکی خۆی کەوت و دەستی کرد بە بەش و پارچەیەك لە ئایینەکەی خۆی، تۆ لێپرسراوی ئەوان نیت (تۆ دوورو بەریت لەوان و هیچ پەیوەندیت پێ یانەوە نی یە)، وە کاری ئەوانە هەر ئەگەڕێتەوە بۆلای خوا، لە پاشاندا خوا هەواڵیان پێ ئەدات (لەو ڕۆژەدا) بە هەر کردەوەیەك کە کردویانە).

ئین و جەریر و غەیری ئەمیش لە ڕاڤەکارانی قورئان باسی ئەوەیان کردووە سەبارەت بە ووتەی خوای گەورە: ﴿فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ﴾ دوو خوێندنەوە (قراءة) هەیە:

**یەکەمیان:** ( فارَقُوا دینَهُم ) واتە: دەرچوون جا هەڵگەڕانەوە لە (المفارقة)ەوە هاتووە.

**دووەمیان:** ﴿فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ﴾ ابن جرير دەفەرموویێت: ئەمە خوێندنەوەی ( عبدالله ) ی کوڕی ( مسعود ) ە وە ئەهلی مەدینە لە سەر ئەم خوێندنەوەن، وە بەصراو سەرجەم خوێنەرانی کوفە دەفەرموویێت: هەروەك بڵێیت بە خوێندنەوەکەی ڕاڤەی کردووە بەوەی ئایینی خوایەکە، ئەویش ئایینی ئیبراهیمی ڕوو لە خوای پاك و موسڵمان جا گاور و جوولەکە تەفرەقەیان خستە ئەم ئایینە جا کۆمەڵێکیان بوون بە جوولەکە و کۆمەڵێکیان بوون بە گاور ئەو دینەیان پارچەپارچە کرد و تەفرەقەیان تێخست، پاشان

ابن جرير بۆ ئەوە چوو کە واتایی هەردوو خوێندنەوەکە یەکن ئەوان ( گاور و جوولەکە ) دوورن ( مفارقون ) لە دینی خوا وە جیاخەرو لەت لەت کارن ( مفرّقون ) بۆ دینی خوا.

**ابن جرير**[1] **دەفەرمووێت:** (( پاشان ئەهلی تەفسیر جیاوازن لە هەر دوو واتاکە سەبارەت بە ووتەی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ﴾.

**هەندێکیان دەڵێن:** (( مەبەست پێی گاورو جوولەکەیە، وە ئەمەی گێڕاوەتەوە بە سەنەدەکانی خۆی لە قەتادە و السدي و ابن عباس و مجاهدەوە.

**پاشان فەرمووی: وە هەندێکی تریان** دەڵێن: مەبەست پێی ئەهلی بیدەعە لەم ئوممەتە کە شوێنی لە یەکچوو ( متشابه) ی قورئان کەوتن جگە لە ( محکم ) ەکانی. وە بە سەنەدەکانی خۆی لە ( ابوهريرة )ەوە خوای لێ ڕازی بێت دەگێڕێتەوە.

**پاشان فەرمووی: وە ئەو ووتەیەی ڕاستە لە لای من ئەوەیە بووترێت:** بەڕاستی خوای گەورە هەواڵی داوە بە پێغەمبەرەکەی کە بەریە لەو کەسەی کە جیاوازی دەخاتە ناو دینەکەی و تەفرەقەی تێدەکا، وە دەیکەن بە دەستە دەستە و حیزب حیزب، وە ئەو لەوان نییە و ئەوانیش لەو نین، چونکە ئەو دینەی ئەو کە خوای گەورە ئەوی بۆ ناردووە ئیسلامە، دینی ئیراهیم ( الحنيفيە ) هەر وەك خوای گەورە پێی فەرموو فەرمانیشی پێکرد کە بڵێ: ﴿قُلْ إِنَّنِي هَدَىٰنِي رَبِّيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًاۚ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ١٦١﴾[الانعام: ١٦١]

---

[1] في التفسير (جامع البيان ٨ / ١٠٥ – ١٠٦) .

واتە: (بڵێ: پەروەردگارم منی ڕێنمونی کردووە بۆ ڕێگای ڕاست، بە دینێکی پایەدار، بە دینی پاکی ئیبراهیم کە لادەر بوو لە هاوتادانانەوە بۆ یەکخواپەرستی وە ئەو لە موشریکین نەبوو).

جا ئیتر هەر کەسێك لە دینەکەی جیا ببێتەوە کە خودا بۆ پێغەمبەرەکەی هیناوە ﷺ لە ( مشرك ) ێك و بت پەرستێك و جوولەکەیەك و گاورێك و بیدعەچیەك کە بیدعەی کردووە لە دیندا کە لایداوە لە ڕێگەی ڕاست و گومڕا بووە و لای داوە لە ڕێگەی ڕاستی ئیبراهیمی موسڵمان ئەوە بەریە لە محمد ﷺ وە محمد ﷺ یش لەو بەریە، وە ئەو دەچێتە ژێر گشتی ووتەی خوای گەورە: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ١٥٩﴾ [الانعام: ١٥٩].

وە هەر یەك لە البغوي[١] و ابن الجوزي[٢] و ابن كثير[٣] و القرطبي[٤] هاوڕان لەگەڵ ابن جرير لە گێڕانەوەی ئەم دوو ووتەیە.

وە بەغەوی چەندەها حەدیسی هێناوە بۆ ڕوون کردنەوەی ئایەتەکە کە باس لە ئەهلی بیدەع دەکات، لەوانە حەدیسی (العرباض)ی کوڕی (سارية) خوای لێ ڕازی بێت کە ئەمەی تێدایە: ((فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ بَعْدِى فَسَيَرَى اخْتِلاَفًا كَثِيرًا فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ

---

(١) في تفسيره (معالم التنزيل ٢ / ١٤٥) .

(٢) في تفسيره (زاد المسير ٣ / ١٥٨) .

(٣) في تفسيره (القرآن العظيم ٢/ ١٩٦) .

(٤) في تفسيره (الجامع لأحكام القرآن ٧ / ١٠٤ – ١٠٧ ) وە چەندەها ( آثار ) ی گێڕاوەتەوە ڕوونی دەکاتەوە کە ئەهلی بیدەع دەچنە ناو واتای ئایەتەکە.

الْخُلَفَاءِ الْمَهْدِيِّينَ الرَّاشِدِينَ تَمَسَّكُوا بِهَا وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ ))[٥] .

واتە: ((جا هەر کەسێك لە ئێوە لە پاش من خوا تەمەنی پێداو ژیا، ئەوە خیلافو جیاوازیەکی زۆر دەبینێت، جادەس بگرن بە سوننەتی منەوە وە سوننەتی خولەفای ڕاشدینی هیدایەت دراوان، قەپی پیا بکەن بە چوار ددانی ژیر و عاقڵی، وە ووریا بن لە کارە داهێنراوەکان، چونکە هەموو داهێنراوێك بیدعەتە، وە هەمو بیدعەیەکیش ( لە ئایین دا ) گومڕاییە)).

وە حەدیسی جیابوونەوە و لەت لەت بوونی ئەم ئوممەتە بۆ حەفتاو سیٚ فیرقەی هێنایەوە، وە حەدیسێکی هێناوەتەوە کە جێی سەرنجە بۆ ( صح) ەتی سەنەدەکەی لە عومەرەوە خوای لیٚ ڕازی بێت پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت: ((یاعائشة، إِنَّ الْذِينَ فَرَّقوا دِيْنَهُمْ وَكَانُوا شيَعاً هُمْ أهلُ البدَعِ والشُبُهاتِ مِنْ هَذهِ الأُمَة)).

واتە: (( ئەی عائیشە: ئەوانەی کە لە دینەکەیان جیا بوونەتەوە کردویانە بە پارچەپارچە ئەوانە ئەهلی بیدعەو شوبوهاتن لەم ئوممەتە)).

**هەروەها (ابن کثیر)یش چەندەها ( آثار ) ی هێناوە کە ئەهلی بیدعەو گومڕاو سەر لیٚ شێواوەکان دەچنە ناو گشتی ( عموم ) ی ئەم ئایەتە پیرۆزە، پاشان فەرمووی: (( ئەوەی ئاشکرایە ئەم ئایەتە گشتییە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە دینی خوا جیا بوونەتەوە و پێچەوانەین، بەڕاستی خوای گەورە**

---

[٥] أبو داود في السنة حديث (٤٦٠٩)، وأحمد حديث (٤/١٢٦) .

پێغەمبەرەکەی بە هیدایەت و دینی حەق ناردووە تاوەکو بە سەر هەموو دینەکان ئاشکرای بکا، وە شەرعەکەی یەکە وە هیچ ئیختیلاف و جیایی و پارچە پارچەکردنی تێدا نییە، جا هەرکەس خیلاف و جیایی تێدا بکات، وەك ئەهلی بیدەع و هەوا و ئارەزوو گومڕاکانە، ئەوە بە ڕاستی خودای گەورەیە پێغەمبەری خوای ﷺ بەری کردوە لەوەی کە ئەوان لە سەرین، وە ئەم ئایەتە وەك ووتەی خوای گەورەیە کە دەفەرمووێت: ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ ﴾ [ الشورى: ١٣].

## بانگەوازی پێشەوایانی ناوداری سوننە بۆ یەک ڕیزی

## موسڵمانانو کۆ کردنەوەیان لەسەر حەقو بۆ توڕدانو وازهێنان لە تەفرەقە نانەوەو حیزبایەتیو جیاوازیو ناکۆکی

پێشەوایانی پێشین ( أئمة السلف ) نووسراوێکی زۆریان هەیە کە ناژمێردرێت سەبارەت بە بانگەوازکردن بۆ کۆکردنەوەی ئوممەت و دەست گرتنیان بە کیتابی پەروەردگاریان و سوننەتی پێغەمبەرەکەیان، وە ڕۆیشتن لەسەر ڕێنموونی پێشینی چاك ( السلف الصالح ) لە هاوەڵانی بەڕێز و شوێنکەوتووانیان بە چاکە – خوای گەورە لێ یان ڕازی بێت بە گشتی – وە بۆ وازهێنان و توڕدانی بیدعەو تەفرەقە و ناکۆکی.

وە هەوڵم داوە تەنها هەندێك لە پێشەوایانی ئیعتیبار پێکراو ئەوانەی کە بە کتێبەکانیان بە چەشنی ڕۆشتنی تیشکی خۆر پرشو بڵاوبونەوە لە نێوان چاکترینی ئەم ئوممەتە، جا بەشت تەنها لێیان هەر وەرگرتنو تەسلیم بوونە، وە ئەوانیش سەرچاوەی بنەڕەتیین بۆ ئەوانەی لە پاش ئەوان هاتوون لە بانگەواز خوازانی حەقو پێشەوایانی هیدایەت، لە وانە:

١- پێشەوا أبو عبدالله (عبیدالله )ی کوڕی ( محمد )ی کوڕی ( بطة العُكْبَري) لە ساڵی ( ٣٨٧ ) کۆچی وەفاتی کردوە، لە کیتابی ناوداری بە ( الإبانة عن شريعة الفرقة الناجية ومجانبة الفرق المذمومة ))دا دەفەرمووێت:

**بابی باسکردنی ئەوەی قورئان بە دەق باسی کردووە ( محکمی ) دابەزێندراو و بە دەستگرتن بە کۆمەڵی موسڵمانەوە و نەهی کردن لە ناکۆکی و تەفرەقە**

**لە پاشاندا:** براکانم بزانن – خوای گەورە تەوفیقی ئێمە و ئێوە بدات بۆ پێکانی حەق و یەکڕیزی، وە بمانپارێزێت لە لەت لەتی و دووبەرەکی – بە ڕاستی خوای گەورە ناکۆکی ئوممەتانی پێش ئێمەی بۆ باسکردووین، کە ئەوان تەفرەقەو دووبەرەکی و ناکۆك بوون، ئەوان ڕێگەکان تەفرەقەی پێکردن تاوەکو ئەو تەفرەقەو ناکۆکییە وای لێکردن درۆ بۆ خوا هەڵبەستن، وە درۆ بدەنە پاڵ خوا، وە تەحریفی کیتابەکەی بکەن و بیشێوێنن، وە حوکمەکانی پەك بخەن، وە سنوورەکەی ببەزێنن.

وە خوای گەورە شارەزای کردووین لەو هۆیەی کە دەریانی کرد لە یەك ڕیزییەوە بۆ تەفرەقەو ناکۆکی، وەلە یەك دەنگییەوە بۆ ئیختیلاف، توندی حەسادەتیان بە یەکتری، وە ستەمیان لە یەکتری، جائەمە ئەوانی بەرەو نکوڵی و ئینکاری کردنی حەق وەدەرنا لە پاش زانینیان، وە ڕەتکردنەوەی ڕوونکراوە ئاشکراکە(البيان الواضح) لە پاش دروستێتی.

وە هەموو ئەمانەو سەرجەمیان خوای گەورە بۆمانی گێڕاوەتەوە، وە ئاماژەی بۆ ئێمە کردووە تیایە، وە ئاگاداری کردوینەتەوە لە کەوتنە ناو دوو بەرەکییەوە، وە ترساندومانێتی لە ئەنجامدانی، وە بە ڕاستی ئێمە لە زۆرێك لە کەسانی سەردەمی

خۆمان ئەمەمان بینی، وە کۆمەلانێك کە ئیدیعای ئەوە دەکەن ئەوان لە میللەتو ڕێگاو مەنهەجەکەی ئێمەن، وە من چەند هەوالێکتان بۆ دەخوێنمەوە کە خوای پشتیوانمان بۆی باس کردووین و شارەزای کردووین، وە ئەوەی کە برایانمان زانیویانە لە ئەهلی قورئان، وە ئەهلی عیلم، وە نووسەرانی فەرموودەو سوننەتەکان، کە دەبێتە بەرچاو ڕوونی ـ إن شاء الله ـ بۆ ئەو کەسانەی کە زانیویانە و لە بیریان کردووە، وە بۆ ئەوانەی لێی غافلێ بوونە یان نەیان زانیوە، وە خودای گەورە ئەوانەی پێچەوانەین و نکۆلی دەکەن تاقییان دەکاتەوە، بەوەی نکۆلی لێ ناکات مەگەر مولحیدو بێ باوەڕەکان نەبێ، وە ئینکاری لێ ناکات مەگەر لادەران لە ڕێگەی حەق بۆ ڕێگەی گۆمڕایی.

خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ فِيمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ ۚ وَمَا ٱخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ أُوتُوهُ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ۖ فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لِمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلْحَقِّ بِإِذْنِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٢١٣﴾﴾ [البقرة: ٢١٣]

واتە: (خەڵکی لەسەرەتاوە ئۆمەتێك بوون (واتە پێش ئەوەی بت بپەرستن لەسەر دینی ئادەم بوون تاوەکو بتیان پەرست) جا خوا پێغەمبەرانی بە مزگێنیدەران و ترسێنەرانی بۆ ناردن وەلەگەڵ ئەوانیشدا کتێبی بە حەق نارد تا لەنێو خەڵکدا لەوەی وا ئیختیلافیان تێدا هەیە دادوەری بکات، وە ئەوان لەبارەی کتێبەوە جیاوازیان نەکرد مەگەر ئەوانەی وا کتێبیان پێ درابوو ئەویش دووای ئەوەی بەڵگەی ڕوونیان پێ گەیشت (ئەم دژایەتیەش) لە

ڕووی جەور و ستەمێك بوو كە لەنێوان ئەواندا هەبوو، جا خوا ئەوانەی وا بڕوایان هێنابوو بە فەرمان و ئیزنی خۆی بە هەقیقەتی ئەوەی وا جیاوازیان تێیدا هەبوو ڕێنمونی كردن، دیارە هەركەس كە خوا بیەوێ، ئەی خاتە سەر ڕێگای ڕاست و هیدایەتی ئەداو تاقی یان ئەكاتەوە).

وە دەفەرمووێت: ﴿ تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَٰتٍ وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدْنَٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلَ ٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ وَلَٰكِنِ ٱخْتَلَفُوا۟ فَمِنْهُم مَّنْ ءَامَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلُوا۟ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ ﴿٢٥٣﴾ ﴾[البقرة: ٢٥٣].

واتە: (بە هەموو ئەو پێغەمبەرانە فەزڵی هەندێكیانماندا بەسەر هەندێكی تریاندا، خوا لەگەڵ هەندێ لە وانە (وەك موسا) قسەی كردو پلەو پایەی هەندێكی بردە سەرێو بەرزكردەوە، وە بە عیسای كوڕی مەریەم نیشانەی ڕوونمان داو بە روحولقودوس (جبریل) پشتیوانیمان لێ كرد( بەڵام پێغەمبەران نە بوونە هۆی لەناوبردنی دژایەتی خەڵك) وە ئەگەر خوا بی ویستایە كەسانێ كە لەدووای ئەم پێغەمبەرانە بوون، دووای ئەوەی كە ئەو هەموو نیشانە ڕوونانە بەوان گەیی، پێكەوە كوشتاری یەكیان نەدەكرد، بەڵام ئەم ئۆمەتانە پێكەوە دژایەتیان كرد، هەندێ لەوانە بڕوایان هێناو هەندێ كافر بوون (وە هەروەها) ئەگەر خوا بیویستایە پێكەوە جەنگو كوشتاریان نەدەكرد، بەڵام خوا ئەوەی بیەوێ ئەنجامی ئەدا).

وه دهفــهرمووێت: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ وَمَا ٱخۡتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ١٩ ﴾[ آل عمران: ١٩]

واته: (تەنها دینیٚ کە لای خوا قەبوڵـە ئیسـلامە، وە ئەوانـەی کـە کتێبیـان پـیٚ درابـوو جیاوازیان نـەکرد ، مەگـەر دووای ئـەوەی کـە ئاگـادار بـوون، لەبـەر عینـادو سـتەم کـردن و حەسودی بردن، دەسیان کردە دژایەتی لەگەڵ ئیسلام، وە هەرکەسیٚ کەئایـەتی خـوا ئینکـار بکا ئەبیٚ بزانیٚ کە بەڕاستی خوای گەورە حیسابی پەلەیە).

وه دهفهرمووێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ١٥٩ ﴾ [الانعام: ١٥٩]

وه دهفــهرمووێت: ﴿ وَلَقَدۡ بَوَّأۡنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ مُبَوَّأَ صِدۡقٖ وَرَزَقۡنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ فَمَا ٱخۡتَلَفُواْ حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُۚ إِنَّ رَبَّكَ يَقۡضِي بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ٩٣ ﴾[یونس:٩٣]

واته: (وە ئێمە بەنی ئیسڕائیلمان لە جێگای چاك و شایستە دانـا و ڕزق و ڕۆزی پاكمـان پیٚ دان, و دووای ئەوەی عیلم و زانیاریان دەسـتکەوت لـەناو یەکـدا دەسـتیان بـە جیـاوازی کرد , بەڕاستی پـەروەردگاری تـۆ لـە ڕۆژی قیامەتـدا لەسـەر ئـەوەی جیاوازیـان تێـدا کـرد , دادوەری دەکا).

وە دەفەرموویت:﴿ وَمَا تَفَرَّقُوٓاْ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۚ وَلَوۡلَا كَلِمَةٞ سَبَقَتۡ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى لَّقُضِيَ بَيۡنَهُمۡۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُورِثُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ لَفِي شَكّٖ مِّنۡهُ مُرِيبٖ ﴿١٤﴾ ﴾ [ الشورى: ١٤ ]

واتە: (وە ئەوانە لە یەکتر جیا نەبوونەوە مەگەر دووای ئەوەی کە زانستو زانیاریان بۆ هات, ئەم لە یەك ترازانەش لەبەر ستەم و لادان لە ڕاستەڕێگا بوو, وە ئەگەر لەپێشاندا لە پەروەردگارتەوە فەرمان نەدرایە کە ئەوانە تا دەمی دیاری کراو زیندوو و ئازاد بن, (بە عەزابدان) داد وەریان لە نێودا دەکرا, وە بەڕاستی کەسانێ کە دووای ئەوان بوونە میراتگری کتێب, لەبارەی ئەودا سەخت لە دوودڵیدان (چونکە بەڕاستی ئەگەر باوەڕیان بە کتێبەکانیان بووایە دەیان زانی کە تۆ نێردراوی خوای)).

وە دەفەرموویت:﴿ وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَةُ ﴿٤﴾ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ ﴿٥﴾ ﴾ [ البينة: ٤- ٥ ]

واتە: (وە ئەهلی کتێب (لە دینی خوا) لێك جیا نەبوونەوە, ئیللا لەپاش ئەوەی کە بەڵگەی ڕوونیان بۆ هات، وە بەوان جگە لەوە فەرمان نەدرابوو کە خوا بپەرستن, لەحاڵێکدا کە دینی خالیس بۆ ئەو دابنێن (و) پاك بن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن، و ئەمەیە دینی ڕاست و پایەدار و دروست).

شێخ(**ابن بطة**) دەفەرمووێت: براکانم، ئەمە هەواڵی قەومێکە کە خوای گەورە فەزڵی داونەتیێ، وە فێریانی کرد، وە بەرچاو ڕۆشنی کردن، وە پلەیانی بەرز کردەوە وە کەسانێکی تر مەنعی ئەوەیان کرد بە سوور بوونیان لەسەر ستەم کردن لێیان وە حەسادەت بردن پێیان بۆ پێچەوانێتی کردنیان و دژایەتی کردنیان و موحارەبە کردنیان، جا ئەوان ملیان بادا و شەرمیان کرد لەوەی بۆ ئەهلی حەق ببن بە شوێن کەوتوو، وە بۆ ئەهلی عیلم ببن بە پەیڕەویکردوو، جا بوون بە پێشەوایەکی گومڕاکەرو سەرکردە لە بێ باوەڕی بۆ شوێنکەوتوان، بە گەڕانەوەیان لە حەقەوە و خواستی پلە و پایە و خۆشەویستی بۆ بە شوێن کەوتووانیان و بیر و باوەڕانیان.

وە خەڵکی لەم زەمانەی ئێمە پۆل پۆلن وەك باڵندە هەندێکیان شوێن هەندەکەی تر دەکەون، گەر کەسێکیان بۆ دەرکەوێت وە ئیدیعای پێغەمبەرایەتی بکات لەگەڵ زانینیان بەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەر خەتمەی پێغەمبەرانە، یان کەسێك کە ئیدیعای (ربوبية)ت بکات دەبینیت بۆ ئەو شوێن کەوتوانو لایەن گر هەیە، جا من ئەو ئایەتانەم باسکرد کە خوای گەورە ڕەخنە دەگرێت تێدا لە ناکۆکان و زەمی ستەمکاران دەکات، وە من ئێستا ئەو ئایەتانەت بۆ باس دەکەم لە قورئان کە خوای پەروەردگارمان ئاگاداریمان دەداتێ تیایە لە تەفرەقەو دووبەرەکیو جیاجیاییو ناکۆکی، وەفەرمانی پێکردووین بە دەستگرتن بە جەماعەتو یەك ڕیزییەوە، وەك ئامۆژگارییەك بۆ براکانمان و بەزەییەك بۆ ئەهلی مەزهەب و بۆ چوونەکەمان.

خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ۚ وَٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ
عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ
ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٠٣﴾﴾ [آل عمران: ١٠٣]

پاشان ئاگاداری کردوینەتەوە لەوەی بکەوینە ناو ئەوەی کە لە پێش ئێمە کەوتنە ناوی لە ئەهلی کیتاب، جا ئەو بەلآیەی کە تووشی ئەوان بوو تووشی ئێمەش بێت، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٥﴾﴾ [آل عمران: ١٠٥].

جا خوای گەورە خەبەری ئەوەی داونەتێ ئەوان لە حەق پاشگەز بوونەتەوە، وە لە پاش ڕوونکردنەوە بۆیان ناکۆکی کەوتە نێوانیان.

خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ﴾ [الانعام: ١٥٣]

هەروەها دەفەرموویێت: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا
وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ ۖ أَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا۟ فِيهِ ۚ كَبُرَ عَلَى ٱلْمُشْرِكِينَ مَا
تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ۚ ٱللَّهُ يَجْتَبِىٓ إِلَيْهِ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾﴾ [الشوری: ١٣]

هـــــەروەها دەفـــــەرمووێت: ﴿مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَاتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾﴾[الروم: ٣١ – ٣٢]

جا ئایا – ڕەحمەتی خواتان لێ بێت – لەم بەڵگانە ڕوونتر شتێکی تر ماوە، یان لـەم ڕوونکردنەوەیە باشترو سارێژتر، وە خـوای گـەورە شـارەزای کـردووین بـەوەی ئـەو بـە تەئکیـد دروسـتکراوی دروسـتکردووە بـۆ دووبـەرەکیو نـاکۆکی، وە ئاگـاداری کردووینەتـەوە لـەوەی لـە ئایینمـان وەك ئـەوان نـەبین، وە ئـەهلی ڕەحمـەتی خـۆی جیاکردۆتەوە با بەردەوام بین لـە سـەر داواکـردنو پاڕانـەوە تـاوەکو خـودا بمانگێڕێـت لــەوان، خــوای گــەورە دەفــەرمووێت:﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾ إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١١٩﴾﴾[هود: ١١٨ – ١١٩].

واتە: (وە ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە (بێ جیـاوازی) هـەموو خـەڵکی دەکـردە یـەك ئومەت, بەڵام ئەوانە هەمیشە لێك جیاوازن، مەگەر ئەو کەسەی کە پەروەردگارت ڕەحمی پێ بکا و لەبەر ئەمەش (وەرگرتنی ڕەحمەت و لە بـن سـێبەری ئـەوا پێگەیشـتن) ئـەوانی بـەدی هێنـاو فـەرمانی پـەروەردگارت تـەواو بـووە، وە بڕاوەیـە کـە بەهەقیقـەت جەهەننـەم لـە (ملبادەرانی) ئینس و جن پڕ و تەژی دەکەم).

پاشان ئاگاداری پێغەمبەرەکەی ﷺ کرد لەوەی کە شـوێن ئـەهلی هـەواو ئـارەزوات نەکەوێت ئەوانەی ناکۆکن وە ئەوانەی ڕاو بۆچوون پـێش دەقـی دەخـەن خـوای گـەورە

دەفــەرموویت: ﴿ وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ وَٱحۡذَرۡهُمۡ أَن يَفۡتِنُوكَ عَنۢ
بَعۡضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعۡضِ ذُنُوبِهِمۡۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ
لَفَٰسِقُونَ ٤٩ ﴾ [المائدة: ٤٩]

واتە: (وە ئەبێ لـە نێـوان ئـەوان (ئـەهلی كتێـب) دا بـەوەی وا خـوا ناردویـەتی دادوەری بكەی، وە پەیڕەوی لە هەواو هەوەسی ئەوان مەكە، ووریا بە وەكو لـە هەنـدێ لـەوەی وا خـوا بۆی ناردووی فریووت بـدەن و لاڕێـت بكـەن، جـا ئەگـەر ئەوانـە (لـە دادوەری تـۆ) ڕوویـان وەرگێڕاو بە گوێیان نەكرد ، ئەوە بزانە كە بەهەقیقەت خوا ئەیەوێ ئەوانە بە سزای هەندێ لـە گوناهـەكانیان بگەیـەنێ، وە دیـارە زۆرێ لـە خـەڵك كردەوەیـان ناحـەزە (و بـێ فـەرمانی ئەكەن)).

وە دەفـــەرموویت: ﴿ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ
وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِۖ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ لِكُلّٖ
جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗاۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡۖ
فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ٤٨ ﴾ [المائدة:
٤٨]

وە دەفـەرموویت: ﴿ مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا فَلِنَفۡسِهِۦۖ وَمَنۡ أَسَآءَ فَعَلَيۡهَاۖ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ تُرۡجَعُونَ
١٥ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَ وَرَزَقۡنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلۡنَٰهُمۡ عَلَى
ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦ وَءَاتَيۡنَٰهُم بَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡرِۖ فَمَا ٱخۡتَلَفُوٓاْ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا

﴿بَيْنَهُمْۚ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١٧﴾ ثُمَّ جَعَلْنَـٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَٱتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾ إِنَّهُمْ لَن يُغْنُوا۟ عَنكَ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔاۚ وَإِنَّ ٱلظَّـٰلِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍۖ وَٱللَّهُ وَلِىُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٩﴾﴾[الجاثية ١٥ – ١٩]

واتە: (هەرکەسێك چاکە بکا بۆ خۆیەتی وە هەرکەسێك خراپە بکا زیانی بۆ خۆیەتی, لەپاشان هەمووتان بۆلای پەروەردگارتان دەگەڕێندرێنەوە، وە بەهەقیقەت کتێب و دادوەری کردنو پێغەمبەرایەتیمان بە بەنی ئیسرائیل داو لە شتی پاك ڕزقو ڕۆزیمان پێ دان وە فەزڵیانماندا بەسەر جیهانیاندا(پێش هاتنی ئیسلام)، وە بەڵگە ڕوونەکانمان سەبارەت بە پێغەمبەرایەتیو شەریعەتەوە پێ دان, جا ئەوان جیاوازیان نەکرد مەگەر دوای ئەوەی کە ئاگاداری و زانستیان پێ درا، وە ئەو جیاوازی‌یە لە حەسوودی نێوان خۆیاندا بوو, بەتەئکید لە ڕۆژی دواییدا پەروەردگارت دادوەری دەکا لەوەی کە جیاوازیان تێیدا هەبوو، لەپاشان تۆمان خستە سەر ڕێی دین جا بەو ڕێیەدا بڕۆ, وە پەیڕەوی مەکە لە هەوا و هەوەسی کەسانێ کە نازانن، بەڕاستی ئەوانە هەرگیز تۆ لە عەزابی خوا بێنیاز ناکەن, وە بەڕاستی ستەمکاران دۆست و پشتیوانی یەکترن, وە خوا پشتیوان دۆستی خۆپارێزانە).

وە خوای گەورە لە سەرزەنشت کردنو زەمکردنی ئەوانەی موخالفەی حەق دەکەن دەفەرموێت: ﴿فَتَقَطَّعُوٓا۟ أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًاۖ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٥٣﴾﴾[المؤمنون: ٥٣]

( ابن بطة ) وە دەفەرمووێت: **حدثنا أبوالقاسم حوض بن عمر قال: حدثنا أبوحاتم الرازي قال: حدثنا صالح كاتب الليث قال: حدثني معاوية بن صال، عن علي بن أبي طلحة، عن إبن عباس** سەبارەت بە ووتەی خوای گەورە: ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِىٓ

ءَايَٰتِنَا فَأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيۡرِهِۦۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَلَا تَقۡعُدۡ بَعۡدَ ٱلذِّكۡرَىٰ مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٨﴾ ﴾ [الانعام: ٦٨]

وە ووتەی: ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٧﴾ ﴾[آل عمران: ٧]

وە ووتـــــەی:﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ ﴾[ الانعام: ١٥٣]

وە ووتەی: ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحٗا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ كَبُرَ عَلَى ٱلۡمُشۡرِكِينَ مَا تَدۡعُوهُمۡ إِلَيۡهِۚ ٱللَّهُ يَجۡتَبِيٓ إِلَيۡهِ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِيٓ إِلَيۡهِ مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾ ﴾ [الشورى: ١٣].

وە ووتـــەی:﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿١٥٩﴾ ﴾ [الانعام: ١٥٩]

وە ووتـــــەی:﴿ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَٱخۡتَلَفُواْ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿١٠٥﴾ ﴾[آل عمران: ١٠٥]

وە ووتەی:﴿وَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡۖ كُلٌّ إِلَيۡنَا رَٰجِعُونَ ﴿٩٣﴾ ﴾[الأنبياء: ٩٣]

وە وێنەی ئەمە لە قورئان زۆرە.

**ئیبن عەباس (رضي الله عنه) فەرمووی:** (( خوای بەرز و بالاّ فەرمانی بە باوەڕداران کردووە بە دەستگرتن بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە، وە نەهی لێ کردوون لە جیاجیایی و ناکۆکی و دوو بەرەکی، وە خەبەری پێداون بەوەی ئەو ئەوانی بەر لە ئەوانی لە ناو بردووە بە هۆی جیدال و ناکۆکی لە دینی خودا)) .

و( إبن بطة ) دەفەرمووێت: حدثنا أبوالقاسم بن عمر قال: حدثنا أبو حاتم قال: حدثنا الربيع ابن نافع قال: حدثنا محمد بن المهاجر الانصاري دەفەرمووێت: پرسیار کرا لە (عیسی) ی کوڕی ( مریم ) سەبارەت بە تەفرەقەو خیلافو ناکۆکی چی دەیخاتە ناو خەڵکی؟( واتە: چ شتێکی دەبێتە هۆی ناکۆکیو جیاجیایی )؟ فەرمووی: جەورو ستەم و حەسادەت و ئەوەی لە هاوشێوەیانە لەتاوان، وە خوای گەورە نایەوێت ببێت بە بەلاّ بۆ عاممەی خەلك.

**٢– وە لەوان: پێشەوا ( أبوالقاسم هبة الله بن حسن الطبري اللالكائي ) لە ساڵی ( ٤١٨ کۆچی) وەفاتی کردووە – ڕەحمەتی خوای لێبێت – لە کیتابەکەی خۆی ( شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة من الكتاب والسنة وإجماع الصحابة والتابعين من بعدهم ))[١] دەفەرمووێت:**

(( لەپاشاندا: بەڕاستی پێویستترین شت کە واجبە لە سەر مەردووم فێربوونو زانینی بیرو باوەڕی دینە، وە ئەوەی خوای گەورە سپاردوێتیو داوای کردوە لە بەندەکانی لە تێگەیشتنی یەکخواپەرستیو صیفاتەکانی، وە پشت ڕاست کردنو تەصدیق کردنی

---

[١] (١ / ٩ – ٢٠)

پێغەمبەرانی بە بەڵگەو یەقین، وە گەیشتن بە ڕێگەکانی، وە ئیستیدلال پێکردنی بە بەڵگەو سەڵماندن، وە مەزنترین ووتەو ڕوونترین بەڵگە کیتابی خوای حەق و ڕوونە، پاشان ووتەی پێغەمبەری خوایە ﷺ وە هاوەڵانی چاکی لە خواترسان، پاشان ئەوەی کە پێشینی چاك لە سەری پێکهاتوون، پاشان دەستگرتن بە گشتیان و هەستان پێی تا ڕۆژی دوایی، پاشان دوورکەوتنەوە لە بیدعەو گویٚ گرتن لەو بیدعانەی کە گومڕایان دایان هێناوە.

جا ئەم وەسێتانە بە میرات گیراوە شوێن کەوینراوە، وە ئەو شوێنەوارە ( الآثار ) پارێزراوانەی کە نەقلٚ کراوە، وە ئەو ڕێگە حەقانەی کە گیراوەتە بەر، وە ئەو بەڵگە دیارە ئاماژە بۆ کراوانە، وە ئەو بەڵگە سەلمێنەرە درەخشاوە سەرخێندراوانەی کە هاوەڵانو شوێن کەوتوانو ئەوانەی پاش ئەوان لە تایبەتو گشتی خەڵك لە موسڵمانان کاریان پێکردووە، وە کردوویانە بە بەڵگە لە نێوان خۆیانو نێوان خوای پەروەردگار، پاشان لەوانەی کە پەیڕەویان لێکرد لە پێشەوایانی ڕێنمونی کراو، وە شوێن کەوتوان جیٚ پێی ئەوانیان هەڵگرتو دوویان کەوتن، وە کۆششی کرد بۆ گرتنەبەری ڕێگەی لە خوا ترسان، وە ئەو لەو کەسانە بوو کە تەقوای خوای دەکرد وە ئەوان لە پیاو چاکانن.

جا هەر کەسێك وێنەی ئەم ڕێگە ڕاستە بگرێتە بەر، وە بەردەوام بێت بەم بەڵگانە لە سەر مەنهەجی شەریعە ئەوە ئەمین دەبێت لە دینی لە ئێستاو داهاتوو، وە دەستی گرتوە بە پشتو پال پشتێك کە جیا بوونەوەی نییە، وە خۆی بەو قەڵغانە پاراست کە بە هاوشێوەی ئەو قەڵغانە خۆ پاراستن دەکا تاکو خۆی پیٚ بپارێزێت، وە پەلە لە

بەرەکەتەکەی بکریێ، وە سوپاسی عاقیبەتەکەی بکرێت لەئێستاو داهاتوا ـ إن شاء الله ـ.

وە هەرکەسێك پشتی تێکا، وە هەوڵیدا لە غەیری ئەوە لە ئارەزووی خۆی دەستە بەری کات، یان لایدا بۆ غەیری ئەو، ئەوە بە هەڵەدا چووە لە هەڵبژاردنی ویستەکەی، وە هەڵی خەڵەتاناو ڕێگەی گومڕایی گرتۆتە بەر، وەهاویشتوێتیێ ناو شیوی لە ناوچوون بەوەی ڕەخنە دەگرێت لە کیتابی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی بە لێدانی نموونەو ڕەتکردنەوەی بە جۆرەها هەولێ، وە لادان لێی بە ( قیل ) و ( قال ) لەوەی بە هیچ شێوەیەك خودای گەورە داینەبەزاندووەو ئەهلی تەفسیرو زوبان نەیانزانیوە، وە بە ختوورەی دڵی عاقڵێك نەهاتووە بەوەی کە بەڵگەی لە سەرە، وە سنگی هیچ کەسێکی یەکخواپەرست بۆ نەکراوەتەوەو بە فیکر یان بە چاو، ئەوە بە ڕاستی شەیتان بە سەری زاڵێ بووە، وە دەستی بە سەردا گرتووە، وە سەرشۆڕی دەورەی داوە، وە هەڵی خەڵەتان بە یاخی بوونی خوای پەروەردگار تاوەکو نەفسی خۆی گەورە کرد بە درۆو بە بوهتان.

پاشان قسەی کرد سەبارەت بە ئەهلی بیدەع وەك موعتەزیلەو جگە لەمیش، وە خراپیو فەسادی مەنهەجەکانیانی ڕوون کردەوە لەو گومڕاییو لادانە لە ڕێی حەق کە تێی کەوتوون، وە درۆ هەڵبەستنیان بۆ ئەهلی سوننە، وە هەڵوێستیان لەبەرامبەر ئەهلی سوننە چۆنە؟ وە هەڵوێستی ئەهلی سوننە سەبارەت بەوان؟.

**پاشان دەڵێت:** جا وەرە ئێستا بۆ لای دینداریی شوێن کەوتوان، وە ژیانی دەست پێوەگران، وە ڕێگەی پێشینان بە کیتابی خواو سونەتەکەی، وە ئەوانەی بانگەواز دەکەن بە شەریعەتو دانایەکەی ئەوانەی کە ووتیان:﴿رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلْتَ وَٱتَّبَعْنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٥٣﴾﴾ [آل عمران: ٥٣]

واتە: (باوەڕمان هێنا بەوەی کە بۆمانت دابەزاند وە شوێن پێغەمبەر ﷺ کەوتین جا تۆش ئەی پەروەردگار لەگەڵ شایەتی دەران بمان نووسە)، وە لایاندا لە ڕێگەی بەدرۆخەرانی صیفاتی خواو یەکخواپەرستی پەروەردگاری جیهانیان، ئەوان کیتابی خوایان کرد بە پێشەوا، وە ئایەتەکانیان کرد بە جیاکەرەوەی حەق و بەتاڵ، وە بەڕوونی حەقیان لە پێش چاو خۆیان دانا، وە سوننەتی پێغەمبەری خوایان کرد بە قەڵغانو چەك، وە ڕێگەکانیان کرد بە ڕێباز، وە گێڕایان بە بەڵگە، جا حیکمەت و داناییان بە دەستهێنا، وە پارێزراو بوون لە شەڕی بیدعەو هەواو ئارەزوو، لە بەر جێبەجێ کردنیان بۆ فەرمانی خوای گەورە بە شوێنکەوتنی پێغەمبەرﷺ، وە بە وازهێنان لە جیدالی بەتاڵ کە حەقی پێ دوور دەخرێتەوە .

خوای گەورە لە میانەی هەڵنانی بۆ شوێنکەوتنی دینەکەی، وە دەستگرتن بە حەبلەکەی و پەیڕەوی کردن لە بۆ پێغەمبەرەکەی دەفەرموویت:﴿ وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ۚ وَٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ

إِخْوَٰنًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ

﴿١٠٣﴾ [آل عمران:١٠٣]

پاشان چەند ئایەتێکی پیرۆزی گێڕایەوە سەبارەت بە دەستگرتن بە کیتاب و سوننەت، وە پێویستی گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەر ﷺ، وە چەند فەرموودەیەك بۆ ئەم واتایە لەوانە: حەدیسی (عرباض) ی کوڕی (سارية):

(( وعظنا رسول ﷺ موعظة وجلت منها القلوب.. )) فەرموودەکە.

وە حەدیسی ابن مسعود ((خَطَّ رَسُولُ اللهِ ﷺ لَنَا خَطاً..)) فەرموودەکە.

وەچەند بابێکی هێنا کە دەخوولایەوە لە کەشتی بانگەوازکردن بۆ سوننەت و دەس پێوەگرتنی.

پاشان فەرمووی: (( بابی ئەوەی کە ڕیوایەتکراوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ سەبارەت بە هەڵنان بۆ دەستگرتن بە کیتابو سوننەتەوە، وە لە هاوەڵانو شوێنکەوتوانیو ئەوانی پاشیان وە جێگرانی ئەوان لە زانایانی ئوممەت خوا لێیان ڕازی بێت.

وە چەند فەرموودەیەکی لە پێشەوە گێڕایەوە کە ئەو ئایەتانە ڕاڤە دەکات لە کیتابی خوا کە هەڵنانی تێدایە بۆ شوێنکەوتن ( الإتباع )، وە ڕێگەی حەق سوننەت و جەماعەیە.

پاشان فەرمووی: ئەوەی گێڕدراوەتەوە لە پێغەمبەر ﷺ لە بارەی هەڵنان بۆ شوێن کەوتنی جەماعەی موسڵمانان و تارمایی مەزن ( السواد الأعظم )، وە زەمی زۆر لە

خـۆکردنی رەئـی وە ڕەغبـەت پێـدان بـۆ دەسـگرتن بـە سـووننەتەوەو هەڕەشـە لـە جیابونەوە لە کۆمەڵی موسڵمانان.

پاشان فەرمووی: ئـەوەی لـە پێغەمبـەرەوە ﷺ گێڕدراوەتـەوە سـەبارەت بـە نـەهی کـردن لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەهلی بیـدەعو جیـدالو موناقەشـەکردن لەگـەڵیان، وە قسەکردن لەگەڵیان، وە گویێ گراتن بۆ ووتە داهێنراوەکانیـان وە بـۆ ڕاو بـۆ چـوونە بـۆ گەنەکانیان.

وە ( اللالكائي ) لە ژێر ئەم ( أبـواب )انـە چـەندەها ئایـەت و حـەدیس وە ئاسـارێکی زۆری گێڕاوەتـەوە چـەندەها پـەڕەی زۆری گرتۆتـەوە لـە لاپـەڕەی (٦٩) بـۆ لاپـەڕەی (١٥٠) لە بەرگی یەکەم، وە جێگەکە ڕێگە نادات بۆ هێنانەوەی ئەوەی ئـەم پێشـەوایە گێڕاوێتییـەوە، لـەوەی کـە گرتـوێتی خـۆی لـەو دەقو ئاسـارانەی هـاوەڵانو شـوێن کەوتوانیان وە ئەوەی شوێنیان کەوتوە لەم ڕێگە فراوانو ڕووناکو ڕاستە.

**٣- ئیمامی الحافظ زیندووکەرەوەی سوننە ( ابومحمـد بن مسعود البغوي) لەسـاڵی ( ٥١٦ ) کۆچی وەفاتی کردوە لە کیتابی ناوداری ( شرح السنه ) دەفەرمووێت:**

بـابی دەسـتگرتن بـە سـوننەتەوە: وە لـەم بابـەدا چـەندەها ئایـەتی هێنـاوە لەوانـە:﴿

**وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ**

﴿قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَـٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٠٣﴾﴾[آل عمران:١٠٣] .

وە فەرمودەیەکی زۆری گێڕاوەتەوە لەوانە: حەدیسی (عبدالله)ی کوڕی (مسعود) رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: ((خَطَّ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ خَطًّا ثُمَّ قَالَ « هَذَا سَبِيلُ اللَّهِ، ثُمَّ خَطَّ خُطُوطاً عَنْ يَمِينِهِ وَعَنْ شِمَالِهِ – ثُمَّ قَالَ – هَذِهِ سُبُلٌ عَلَى كُلِّ سَبِيلٍ مِنْهَا شَيْطَانٌ يَدْعُو إِلَيْهِ))فەرموودەکە[1] .

پاشان بابێکی داناوە تیایدا دەڵێت: بابی ڕەتکردنەوەی بیدعە و هەوا و ئارەزووەکان دەستی پێکردوە بە ووتەی خوای گەورە:﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٥٠﴾﴾[القصص: ٥٠]

واتە: (وە کێ لەو کەسە گومڕاترە کە بێ ئەوەی ڕێنمونی یەکی لە خواوە بۆ کرابێ بە دووای هەواو ئارەزوی خۆی بکەوێ, بەڕاستی خوای گەورە ستەمکاران ڕێنمونی ناکا).

وە ووتـــــەی:﴿وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٦﴾﴾[ص: ٢٦]

واتـە: (وە شـوێنی هـەواو ئـارەزو مـەکـەوە چـونکە لـە ڕێگـەی خـودا لات دەدەن، بەڕاسـتی ئەوانەی کە لە ڕێگەی خودا لادەدەن عەزابێکی سەختیان بۆ هەیە بەوەی کە ڕۆژی حسابیان لە بیر کرد).

وە چەند ئایەتێکی هێناوە .

---

[1] أخرجه أحمد في المسند حديث ( ٤١٤٢ )، والحاكم في المستدرك (٢/ ٣١٨) .

پاشان فەرمووده لەم بابەدا، لەو فەرمووداناه: (( إِنَّ بَنِي إِسرَائِيل تفرَّقَتْ إِلى إِثنَتَينِ وَسَبْعِينَ مِلَّة، وَتَفْتَرِقُ أُمَّتِي إِلى ثَلَاثٍ وَسَبعِينَ مِلَّة، كُلُهُم فِي النَّارِ إلاَّ واحِدَةً )).

واتە: (( بە ڕاستی نەوەکانی ئیسرائیل پارچە پارچە بوون بوونە حەفتاو دوو پارچە، وە ئوممەتەکەی من دەبن بە حەفتاو سێ پارچەو تاقم هەموویان لە بۆ دۆزەخە ئیللا یەك تاقم نەبێت )) .

وە چەند ( آثار ) ێکی هێناوە.

لە پاشان دەڵێت: بابی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئەهلی هەواو ئارەزووەکان[1]، وە چەندەها ئایەتی لە سەر هێنایەوە، لەوانە ووتەی خوای گەورە: ﴿ فَتَقَطَّعُوٓاْ أَمۡرَهُم بَيۡنَهُمۡ زُبُرٗاۖ ﴾ [ المؤمنون: ٥٣ ]

واتە: (جا ئەوانە دینی خۆیان لەت لەت کرد, بوونە دەستەدەستە و هەردەستەیێ بە شوێنێکدا ڕۆیی).

وە ووتەی: ﴿ وَءَاتَيۡنَٰهُم بَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡرِۖ فَمَا ٱخۡتَلَفُوٓاْ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۚ إِنَّ رَبَّكَ يَقۡضِي بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ١٧ ﴾ [ الجاثية: ١٧ ]

وە تێیدا باسی چەند حەدیسێکی کرد، لەوانە: حەدیسی خاتوو عائیشە — <—

دەفەرمووێت: (( پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ

---

[1] (٢١٩/١) .

مِنْهُ ءَايَٰتٌ مُّحْكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٌ ۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنْهُ ٱبْتِغَآءَ ٱلْفِتْنَةِ وَٱبْتِغَآءَ تَأْوِيلِهِۦ ۗ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُ ۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِى ٱلْعِلْمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٧﴾ [ آل عمران: ٧ ]

واتـە: (هـەر ئەویشـە ئـەم کتێبـەی بـۆ تـۆ نـاردووە ئـەی موحەممـەدﷺ, هەنـدێك لـە ئایەتەکانی موحکەمن، ئەم جۆرە ئایەتانـە بنـەڕەتی ئایەتـەکانی تـرن، وە هەنـدێ ئایـەتیش موتەشابیهن داگری واتای قوڵن و لەبەر بەرز بوونی واتاکانی، واتـای جیاجیـا ئـەدەن و بـە سەرنج دان بەئایاتی موحکەم، واتاکانی ئەم جۆرە ئایەتانەش ڕوون ئەبنەوە، بەڵام ئەوانەی وا لـە دڵ ودەروونیانـدا خـوارو خێچـیو نەخۆشـی هەیـە بـۆ ئـاژاوە نانـەوە، پـەیڕەوی لـە موتەشابیهەکان ئەکەن بۆلادانی خەڵك لە ڕاستە ڕێگا، وە بـۆ تـەئویل کردنـی قورئـان بـەو جۆرەی دڵیان دەیخوازێ، تەئویلی ، کەچی بێجگە لە خواو ئەو کەسانەی ڕیشەیان لە زانست دا هەیەو ڕاسخو دامـەزراون لـە عیلمـدا کەسـێ تـر واتـاو ئەوانـە نازانـێ دەڵـێن: ئێمـە بـە هەموویان بڕوامان هێناوە، هەمووی لەلایەن پەروەردگاری ئێمەوەن، وە تەنها ژیرانو خـاوەن عەقڵەکان بیر دەکەنەوە).

عائیشە– رضي الله عنها – دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فـەرمووی: (فَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ، فَأُولَئِكَ الَّذِينَ سَمَّى اللَّهُ فَاحْذَرُوهُمْ)[1] .

واتە: ((جا ئەگەر تۆ ئەوانەت بینی کە شوێنی ئایەتی (متشابە) دەکەون، بزانە ئەوان ئەوانەن کە خودا ناویانی بردوون جا ئاگادار بە لێیان)).

---

[1] **متفق عليه**، البخاري في التفسير(٤٥٤٧)، ومسلم في العلم (٢٦٦٥) .

وە حەدیسی ( أبي هريرة ) رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەفەرموویٚت: (سَيَكُونُ فِي آخِرِ أُمَّتِي أُنَاسٌ يُحَدِّثُونَكُمْ مَا لَمْ تَسْمَعُوا أَنْتُمْ وَلاَ آبَاؤُكُمْ فَإِيَّاكُمْ وَإِيَّاهُمْ )[٢] .

((لە دوا خەڵكی ئوممەتەكەم خەڵكانێك پەیدا دەبن‌و قسەی واتان بۆ دەكەن كە نەخۆتان‌و نە باو باپیرانتان گوێی لیٚ نەبووە، جا ووریا بن لێیان)).

پاشان –رەحمەتی خوای لیٚ بێت – دەفەرموویٚت: وە پێغەمبەری خوا ﷺ خەبەری پارچەپارچە بوونی ئەم ئوممەتەی داوە، وە پەیدا بوونی ئەهلی ئەهواو بیدعەتی لەم ئوممەتە داوە، وە حوكمی ڕزگار بوونی داوە بۆ ئەو كەسانەی كە شوێنی سوننەتەكەی و سوننەتی هاوەلانی دەكەون خوایان لیٚ ڕازی بێت، جا لە سەر كەسی موسڵمان پێویستە گەر كەسێكی بینی شتێك وەردەگرێت لە ئەهلی ئەهواو بیدەع بە بیرو باوەڕ یان تەهاون دەكات بە شتێك لە سوننەتەكان بەوەی هەجری كات‌و لێی دوور كەوێتەوەو خۆی لیٚ بەر ی بكات بە ئاسانی، بە زیندوویی‌و مردوویی وازی لیٚ بهێنێت، سەلاوی لیٚ نەكات گەر كاتێك بگات پێی، وە وەلامیشی نەداتەوە گەر ئەو دەست پێشخەری كرد تاوەكو واز لە بیدعەكەی دەهێنێت‌و دەگەڕێتەوە بۆ حەق ))[١] .

لە پاشاندا حەدیسی (كعب) ی كوڕی (مالك)ی گێڕایەوە كە خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون دواكەوتن لە غەزای تەبووك، كە فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ تێدایە بە (هجر) كردنیان.

لە پاش ئەم حەدیسە ئیمامی البغوی دەفەرموویٚت:

---

[٢] مسلم في المقدمة حديث (٦)، وشرح السنة (١/٢٣٢) .

[١] (١/ ٢٢٤).

وە ئـەم حەدیسـە بەڵگـەی ئـەوەی تێدایـە کـە ( هجـر )ی ئـەهلی بیـدەع بکـەیت بـۆ هەتاهەتایی، هەر وەك بڵێیت پێغەمبەری خوا ﷺ ترسا لـە کـەعب و هـاوەڵانی تووشـی نیفاق بوبێتن کاتێك دواکەوتن لە دەرچوون لە گەڵیا جا فەرمانی کـرد بـە هـەجرکردنیان تا ئەو کاتەی خوای گـەروە لـە بـارەی تەوبەکەیانـەوە ئایـەتی دابەزاند، وە هـاوەڵان و شوێنکەوتوانیان وزانایـانی سـوننە کـۆن و یەکـدەنگن لـە سـەر دژایـەتی کردنـی ئـەهلی بیدەع و هەجر کردنیان[٢] .

پاشان ووتەو هەڵوێستی هەندێ پێشـەوایانی پێشـین گێڕایـەوە سـەبارەت بـە ئـەهلی بیـدەع لـە هـەجرکردنیانو زەم کردنیـان و بـە کافردانـانی زێـدە ڕەوانیـان وە غـەیری ئەمەش ــ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ــ .

**٤ــ وەشیخ الاسلام ــ ابن تیمیە ــ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ــ دەفەرمووێت:** (( وە ئەصلو بنچینەی دین ئەوەیە خۆشەویستی لە بـەر خـوا بێـت، وە ڕقو بوغزلێبـوون لـە بـەر خـوا بێـت، وە دۆسـتایەتیت لـە بـەر خـوا بێـت، وە دژایـەتی لەبـەر خـوا بێـت وە پەرستنت لە بەر خوا بێت، وە ترست لە خوا بێت، وە داوای یارمـەتیت لـە خوابێـت، وە ئومێدت بە خوا بێت، وە بەخشینت لە بەر خوا بێت، وە گرتنەوەو نەبەخشینت لـە بـەر خوا بێت، وە ئەمەش دەستەبەر ناکرێت بە شوێن کەوتنی پێغەمبـەری خـوا نـەبێت ﷺ کە فەرمانی فەرمانی خودایە، وە نەهی کردنی، نەهی کردنی خودایە، وە دژایـەتیکردنی دژایەتی کردنـی خوایـە، وە تاعـەتو گوێڕایـەڵی تاعـەتی خوایـە، وە یـاخیبوونی یـاخی بوونە بۆ خوای گەروە.

---

[٢] (١/ ٢٢٦ ــ ٢٣٠).

وە خاوەنی هەوا ئارەزوو هەواو ئارەزووەکەی کوێرو کەڕێکە، جا ئەو بەڵگانەی کە لە لایەن خواو پێغەمبەرەکەی لەو بارەیەوەیە ئامادەی ناکات وە ناشی خوازێت، بەڵکو ڕازی نابێت بە ڕەزای خواو پێغەمبەرەکەی، وە تووڕە نابێت بۆ کارێك کە خواو پێغەمبەرەکەی پێی تووڕە دەبن، بەڵکو ڕازی دەبێت بەوەی پێی ڕازییە بە پێی هەواو ئارەزووی، وە تووڕە دەبێت بە کارێك کە تووڕەی بکات بەپێی هەواو ئارەزووی، وە لەگەڵ ئەوەشدا شوبهەی دینی پێیە: بەڕاستی ئەوەی ئەو پێی ڕازی دەبێت وە پێی تووڕە دەبێت سوننەتە، وە ئەوە حەقە، وە ئەوە دینە، جا ئەگەر گونجا ئەوەی کە پێیەتی حەقێکی تەواوە دینی ئیسلامە، وە مەبەستی ئەوە نەبوو دین هەموو بۆ خوا بێت وە وشەی خوا بەرزو بڵند بێت، بەڵکو مەبەستی پێی دەمارگیری بوو بۆ نەفسی خۆیو طایفەکەی یان بۆ ڕووپامایيو ریيا، تاوەکو گەورە تەماشا بکرێت وە مەدح بکرێت، یان ئەو کارەی لە بەر ئازاییو تەبیعەتی خۆی کرد، یان بۆ مەبەستێکی دوونیەوی خۆی،ئەوە نە بۆ خوابو وە نەجیهادو تێکۆشان بوو لە ڕێگەی خودا، جا چۆن بێت گەر ئەو کەسەی ئیدیعای حەقو سوننەت دەکات وەك هاوشێوەی ئەو بێت، حەق و بەتاڵی پیٚ یە، سوننەت و بیدعە پێیە، وە نەیارە کەشی حەق و بەتاڵو سوننەت و بیدعەی پیٚ بێت ؟

وە ئەمە حاڵی ناکۆکەکانە ئەوانەی دینیان پارچە پارچە کردوە وە یەکتریان کافر کردووە، وە یەکتریان فاسق کردووە، هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿ وَمَاتَفَرَّقَ

﴿ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴿٤﴾ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُواْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلْقَيِّمَةِ ﴿٥﴾﴾ [البينة: ٤ – ٥]

وە خوای گەروە دەفەرمووێت:﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾[البقرة: ٢١٣]

واتە: ((خەڵكی لە پێشاندا یەك ئوممەتبوونو لەسەر یەك دیین بوون)) .

واتە: جا ناكۆكبوون، هەروەك لە سوڕەتی ( یونس ) دایە، و هەروەها لە خوێندنەوەی هەندێك لە هاوەڵان، وە ئەمە بە پێی خوێندنەوەی جومهوور لە هاوەڵان و شوێنكەوتوانی: ئەوان لە سەر دینی ئیسلامبوون.

وە لە تەفسیر (إبن عطية) لە (ابن عباس)ەوە: (( ئەوان لە سەر كوفر بوون)). وە ئەمە ڕاست نییە، وە تەفسیری (إبن عطية) لە (ابن عباس)ەوە سابتو جێگیر نییە، بەڵكو ئەوەی سابتو سەلمێندراوە لە (ابن عباس)ەوە كە فەرموویەتی: ((نێوان ئادەم و نووح دە سەدە بووە هەموویان لە سەر ئیسلام بوون)).

وە خوای گەورە لە سورەتی ( یونس ) دەفەرمووێت:﴿وَمَا كَانَ ٱلنَّاسُ إِلَّآ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَٱخْتَلَفُواْ﴾ [ یونس:١٩ ]

جا خوا سەرزەنشتیانی كرد لە سەر ناكۆكی لەپاش ئەوەی كە لە سەر یەك دین بوون، جا زاندرا كە ئەوە حەقە.

وە ناكۆكی لە كیتابی خوا بە دوو ڕووە:–

**یەکەمیان:** ئەوەیە هەمووی زەمکراوە، وەك ووتـەی: ﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخۡتَلَفُواْ فِي ٱلۡكِتَٰبِ لَفِي شِقَاقِۭ بَعِيدٖ ١٧٦﴾ [ البقرة: ١٧٦ ]

**دووەمیان:** ئەوەیە هەندێکیان لە سەر حـەقن، وەهەندەکـەی تـر لـە سـەر بـەتاڵن، وەك ووتـەی: ﴿تِلۡكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلۡنَا بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۘ مِّنۡهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُۖ وَرَفَعَ بَعۡضَهُمۡ دَرَجَٰتٖۚ وَءَاتَيۡنَا عِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدۡنَٰهُ بِرُوحِ ٱلۡقُدُسِۗ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقۡتَتَلَ ٱلَّذِينَ مِنۢ بَعۡدِهِم مِّنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ وَلَٰكِنِ ٱخۡتَلَفُواْ فَمِنۡهُم مَّنۡ ءَامَنَ وَمِنۡهُم مَّن كَفَرَۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقۡتَتَلُواْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يُرِيدُ ٢٥٣﴾ [البقرة: ٢٥٣]

بەڵام گەر ناکۆکی ( إختلاف ) بە ڕەهایی هات ئەوە هـەموو زەمکـراوە، وەك ووتـەی: ﴿وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخۡتَلِفِينَ ١١٨ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمۡۗ وَتَمَّتۡ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ ١١٩﴾ [ هـــود: ١١٨ – ١١٩]

وە ووتــەی پێغەمبــەر ﷺ : ((إِنَّمَا هَلَكَ مَنْ كانَ قَبْلَكُم بِكَثْرَةِ سُؤَالِهِم، واخْتِلَافِهِم عَلَى أنْبِيائِهِم))، واتە: بە ڕاستی ئەوانەی بەر لە ئێوە لە ناوچوون بە هۆی پرسـیاری زۆریـان، وە ناکۆکیـان لەگـەڵ پێغەمبـەرانیان)). وە بۆیـە نـاکۆکی لێـرە تەفسـیر کـراوە بـەوەی هەمووی زەمکراوە.

(فرَّاء) دەڵێت: سەبارەت بە ناکۆکیان ( إختلافهم ) دوو ڕوو هەیە:

**یەکەمیان:** یەکتریان کافر کرد بە کتێبی یەکتر.

**دوومیان:** گۆڕینی ئەوەی گۆڕیان.

وە ئەمەش هەر وایە کە ووتی، چونکە ناکۆکان هەر یەکێکیان حەقو بەتاڵی پێ یە، جا بەو حەقەی کە بەوەی ترە کافر دەکرێت، وە پشت ڕاست دەکرێتەوە بەو بەتاڵەی کە پێیەتی، ئا ئەمە گۆڕینی گۆڕاوە ))[١] .

وە ناکۆکی ئەهلی بیدەع ئا ئەم شێوازەیە، ئاماژەیەکە لەمەوە – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – بۆ ووتەی خوای گەورە: ﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ لَيۡسَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ عَلَىٰ شَيۡءٖ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ لَيۡسَتِ ٱلۡيَهُودُ عَلَىٰ شَيۡءٖ﴾[البقرة: ١١٣]

**جا ئەوەی (خوارج)ە دەڵێت:** ئەوەی شیعەیە بێ پایەنو لەسەر هەق نین.

**وە شیعەش دەڵێت:** ئەوەی خەواریجە بێ پایەن و لەسەر هەق نین.

**وە قەدەری نافی (ئەوانەی نەفی لە قەدەری خوا دەکەن) دەڵێن:** ئەوانەی قەدەری خوا دەسەلمێنن بێ پایەن و لەسەر هەق نین.

**وە قەدەری جەبەری سابت(ئەوانەی کە هەمو کارێکی مرۆڤ دەدەنە پاڵ خوا بەوەی کە ئەگەر تاوانیشی کرد گوناهی نیە خوا پێی کردوەو لەسەری نوسیوە) دەڵێت:** ئەوانەی نەفی لە قەدەری خوا دەکەن بێ پایەن و لەسەر هەق نین.

**وە (وعید)[١]یەکان دەڵێن:** مورجیئەکان بێ پایەن و لەسەر هەق نین.

**وە مورجیئەکان[٢] دەڵێن:** وەعیدێکان بێ پایەن و لەسەر هەق نین.

---

[١] مجموع الفتاوی (١٥/٢٢٥-٢٢٨).

[١] ئەوانەی کە تەنها ئایەت و فەرموودە هەڕەشەکان وەر دەگرن.

بەڵکو شتێك لەم باسانەش هەیە لە نێوان ئەهلی مەزهەبە ئوصولێکان و فەرعێکان لەوانەی کە دراونەتە پاڵ ئەهلی سوننە.

جا (کلابی) یەکان دەڵێن: کەڕامێکان بێ پایەن و لەسەر هەق نین.

**وە کەڕامێکان**[1] **دەڵێن:** (کلابی) یەکان بێ پایەن و لەسەر هەق نین.

**وە ئەشعرێکان دەڵێن:** سالمێکان بێ پایەن و لەسەر هەق نین.

**وە سالمێکان**[2] **دەڵێن:** ئەشعرێکان بێ پایەن و لەسەر هەق نین.

وە سالمێکان وەك أبي علي الأهوازي کتابێك دا ئەنین سەبارەت بە کەلێنو عەیبەکانی ئەشعەرێکان، وە ئەشعەرێکان کتابێك دائەنێن وەك ابن عساکر سەرجەمیان هەڵ دەوەشێنێتەوە لە هەمو روەکانەوە. وە تێیدا باسی لە عەیبو کەلێنەکانی سالمیەی تیاکردوە.

---

(٢) ئەمان دەڵێن ئیمان ووتەیە بێ کردەوە، وە تاوان زیان ناگەیەنێت بە ئیمان، وە ئیمان زیادو کەم ناکات ئیمانی زینا کەرێکی موسڵمان لەگەڵ ئیمانی موسڵمانێکی چاکەکارو مەلائیکە و پێغەمبەران وەك یەك وان، وە تاوانبارانی موسڵمان خودا بەبێ سزا لێ یان خۆش دەبێ...هتد.

(١) ئیمان بە زمانە هەرچەندە لە دڵیشدا نەبێت، وە دەڵێن وەلی دەگاتە پلەی پێغەمبەرایەتی بگرە بەرز تریش، بە درووستی ئەزانن هەڵبەستنی حەدیس لە بابەتی ترغیب وتەرهیبەوە، وە بیرو باوەڕی سەیریان هەیە سەبارەت بە (أسماء والصفات)ەوە، بڕوانە: مجموع الفتاوى

(2)قال الذهبي~[تاريخ الأسلام] سألت شيخنا ابن تيمية~ عن مذهب السالمية فقال: هم قوم من أهل السنة في الجملة من أصحاب أبي الحسن بن سالم، أحد مشايخ البصرة وعبادها، وهو أبو الحسن أحمد بن محمد بن سالم من أصحاب سهل بن عبد الله التستري، خالفوا في مسائل فبدعوا.

وە هەروەها ئەهلی هەر چوار مەزهەبەکەو جگە لەوانیش، بەتایبەت زۆرێکیان کە تێکەوتون بە هەندێك لە مەقالە ئوصوولێکان، وە ئەمەی تێکەڵ بەوە کردوە جا حەنبەلێکانو شافعێکانو مالیکێکان شتێك تێکەڵ بەمەزهەبی مالیكو شافعیو أحمد دەکەن لە ئوصوولی ئەشعەریو سالمیو جگە لەمەش، وە ئەمەش دەدەنە پاڵ خودی پێشەوایان مالك وشافعی وأحمد، هەروەها حەنەفێکان شتێك تێکەڵ بە مەزهەبی ئەبی حەنیفە دەکات لە ئوصولی موعتەزیلەو کەڕامیەو کلابیە، دواتر ئەیدەنە پاڵ مەزهەبی پێشەوا ئەبی حەنیفە.

وە ئەمەش لە هاو شێوەی ڕافزێتیو شیعەگەریە، بەلأم شیعەگەریەك لەفەزڵ دانی هەندێك لە طائیفەو زانایان، وە شیعەگەری نیە لە تەفزیلْ کردنی هەندێك لە هاوەلأن.

بۆیە پێ ویستە لە سەر هەمو موسڵمانێك کە شایەتی دەدا بە(لاإله إلا الله وأن محمداً رسول الله ﷺ): دەبێت ئەصڵی مەبەستەکەی یەکتاپەرستی خوابێت بە پەرستنی بەتاكو تەنها شەریکی بۆ بڕیارِ نەدەی وەگوێ ڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بکەی ﷺ ، لەسە ئەمە دەخولێتەوە، وە شوێنی دەکەوێت لە هەر شوێنێك بی دۆزێتەوە، وە دەش زانی کە باشترین دروست کراو لە پاش پێغەمبەران هاوەلأنن، جا تاکە کەسێك بە ڕەهایی سەرناخرێ بە گشتی ئیللا بۆ پێغەمبەری خوا نەبێ، جا نابێ کۆمەڵێك بەڕەهاییو بەگشتی سەربخرێن ئیللا هاوەلأن نەبێ خوایان لێ ڕازی بێت، چونکە بەڕاستی هیدایەت پەیوەستە لە گەڵ پێغەمبەرﷺ چۆن پەیوەست بێت، وە پەیوەستە لە گەڵ هاوەلأنی پێغەمبەرﷺ جگە لە هاوەلأنی غەیری پێغەمبەرﷺ چۆن پەیوەست بێت، جا ئەگەر کۆبن لەسەر شتێك ئەوە قەت لە سەر هەڵە کۆ نابن، بە پێچەوانەی هاوەڵی زانایەك لە

زاناکان، چونکە ئەوان لەوانەیە کۆبن لەسەر هەڵەیەك، بەڵکو هەر وتەیەك کەبیلێن جگە لەوان کەسانێکی تر لە ئوممەت نەیان وتوە جگە لە هەڵە هیچی تر نابیٚ، چونکە بەڕاستی ئەو دیینەی کە خوا پێغەمبەری خۆی بۆ ڕەوانە کردوە نەی سباردوە بە یەك زاناو هاوەڵەکانی، ئەگەر وابوایە ئەو شەخسە دەبو بە هاوتاو هاوڕەنگو هاوشێوەی پێغەمبەرە ﷺ وەئەمە شێوەی قسەی ڕافزێکانە لە بارەی ئیمامی مەعصومەوە.

وە دەبێت هاوەڵانو شوێن کەوتوانیان ئەو حەقەیان زانیبیٚ کە خوا پێغەمبەری ﷺ بۆ رەوانەکردوە، بەر لەبوونی ئەو شوێن کەوتوانەی کە نسبەتی مەزهەبەکان لە ئوصولو فروع دەدرێتە پاڵیان، وە ناکریٚ کەسێکیان عیلمێکیان لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەرگرتبیٚ ئەو عیلمە موخالەفەی هاوەڵانو شوێن کەوتوانیان بە چاکە، چونکە بەڕاستی ئەوان لە سەر گومڕایی کۆ نەبوونەوە، جا دەبیٚ ئەو وتەیەی گەر بەڕاستی لەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەر گیرابیٚ بوونی لەوەی پێشوو ببیٚ، وەهەموو وتەیەك کە ووترابیٚ لە دیینی ئیسلاما پێچەوانەی ئەوەبیٚ کە هاوەڵانو شوێنکەوتوان لەسەری بوون، هیچ کامێکیان ووتەی وای نەوتبوو بەڵکو ئەوان پێچەوانەی ئەو وتەیەیان وتبو، جابەڕاستی ئەو ووتەیە ووتەیەکی بەتاڵە

**وە مەبەست لێرەدا:** خوای گەورە باسی ئەوەی کردووە کە ئەوانەی ناکۆکن بەیانو روون کردنەوەیان پیٚ گەیشتووە، وە زانیارییشیان پیٚ گەیشتووە، وە ئەوان لەبەر خۆباییو حەسادەتو ستەم ناکۆکی کەوتە نێوانیان، هەر بۆیە خوای پەروەردگار زەمیانی کردوەو سزایان دەدا، چونکە بە ڕاستی ئەوان موجتەهید نەبوونە تا هەڵە

بکەن، بەڵکو ئـەوان مەبەسـتیان سـتەم کـردن بـووە، وە حەقیشـیان زانیـوە، نکۆڵیـان کردووە لەوەی بیلێن یان کردەوەی پێبکەن[1] .

وەدەشێت ئەم ووتەیەی شێخ الاسلام کە دێت ناوکی بۆ پرۆژەیـەك بـێ کـە بانگـەواز خوازانی پـێ ڕزگـار بکـرێ لـەو نـاکۆکیێ سیاسـیو بیروبـاوەڕیو فقهیانـە، وە ئەوانـەش ڕزگارکەن کە لە تواناناندایە کـە ڕزگاریانکـەن لەوانـەی کـە حـەق وەر دەگـرێو وەڵامـی بانگەوازەکەی دەداتەوە.

شێخ الاسلام دەفەرمووێ ڕەحمەتی خوای لێبێت: (وە سەرجەم میرو پاشاکان کاتێك جۆرەها جۆر سیاسەتی جەورو ناعەدالەتیان دانا لە وەر گرتنی ماڵو پارەیەك کە حـەقی وەرگرتنیان نیە، وە دانانی سزا بۆ هەندێ تاوان کە دروست نییـە، چـونکە ئـەوان زێـدە ڕەویان کرد لەو پرۆژەیە لە فەرمان کردن بە چاکەو نەهی کردن لە خراپـە، وە ئـە گـەر ئەوان ئەوەی شایەنی وەر گرتن بوایـە وەریـان بگرتایـەو لـەو جێگایـە دایـان بنایـە کـە شیاوی دانانە، بەو کارە خوازیاری سەر خستنی دینی خوابن نـەك ریئاسـەتو دەسـەڵات بۆ خۆیـان، وە حـەدو شـەرعی خوایـان لـە سـەر بـەڕێزانو نـاودارانو لاوازانو نزیکـانو دوورەکـــان جێبـــەجێ کردایـــە وە مەبەســـتیان بـــە ڕەغبـــەت پێـــدانو ترســـاندن دەسـتەبەرکردنی ئـەو دادپەروەریـەی کـە خـودا دای نـاوە ئـەوە هـەرگیزاو هـەرگیز پێویستیان بـەو گـومرگو باجـە دانراوانـە نـابوو وە نـە پێویستیشـیان بـەو سـزا جـەور ستەمیانەش نە دەبوو، وە نە پێویستیشیان بە کەسانێك دەبوو کـە بیـان پارێزێـت لـەو

---

[1] مجموع الفتاوى(١٥/٢٦٠-٢٦٣) .

کۆیلەو کۆیلە گرتوانـە، هـەر وەك چـۆن بـوون ئـەو خەلیفـە ڕاشـدیانەو عومـەری کـوڕی عبدالعزیزو جگە لە مانییش لە ئەمیرو دەسەلآت دارانی هەندێك لە هەرێمەکان.

وە گـەر زانایـانیش کتـابی خوایـان جێبـەجێ بکردایـەو لـەو ڕوون کردنەوانـەی کـە حوججـەی خـوان تـی بفکرانایـەو وە ئـەو هیدایەتـەیان بزانیایـە کـە بریتیـە لـە زانیـاری بەسوودو کردەوەی چاك وە حیکمەتی خوایان جێبەجێ بکردایە کە خوا پێغەمبەری بـۆ ڕەوانە کردووە کە سوننەتەکەیەتی، ئەوکات تێیدا دەیـان بینـی جۆرەهـا جـۆر زانیـاری بەسوود کە دەورە دەدا بـە زانیـاری تـەواوی خـەڵکی، وە جیاکاریـان دەکـرد لـە نێـوان مافداران‌و ئەوانەی کە لە سەر بەتاڵن‌و مافیان نیە لە نیو سەرجەم خەڵکی بە وەصفێتی ئەو شایەتیەی کە خوا داوێتیێ بەم ئوممەتە دەفەرمووێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ﴾[البقرة:١٤٣]

وە بەوە دەس بەرداری ئەو بیدعەو داهێنانە دەبـوون کـە بیدعەچیان دایـان هێنـاوە لەوبەڵگە خراپ‌و فاسدانەوە وەریان گرتوە کە ئەهلی کـەلام ئیـدیعای ئـەوە دەکـەن کـە ئەوان بەوە ئەصڵ‌و بنەمای دیینی پـێ سـەر دەخـەن، وە لـەو ڕاو بۆچـوونە خراپانـەی قیاسێکان ئیدیعای دەکەن لەوەی گوایە ئەوان لق‌و فەرعەکانی دینی پێ تەواو ئەکەن .

وە هەر حوججەیـەك صـەحیح بێـت‌و وە هـەر بۆچـوونێ ڕاسـت‌و دروسـت بێـت ئـەوە ئەصڵ‌و بنەمایەکی هەیە لە کتابی خواو سـوننەتی پێغەمبەرەکـەی ﷺ جـا هـەر کـەس تێبگا ئەوە تێ گەیشتوە، وە هەر کەسێك لێی بێبەش بێ ئەوە لێی بێ بەش دەبێ .

وە هەروەها بەندەگەلان گەر پەرستشی خودا بکەن بەو پێیـەی کـە خـوا داینـاوە لـە وتەو کردەوەی نهێنی‌و ئاشکرا، وەچێژی ووتەی پاك‌و کردەوەی چاکیان کردبێ کە خوا

پێغەمبەرەكەی ﷺ بۆ ڕەوانە كردووە، ئەوكات ئەوان دەیان بینی ئەحواڵی پاك، وە پلەو پایەو مەقامی بەرزو باڵا، وە ئەنجامی مەزن كە بیٚ نیازیان دەكات لەوەی ڕوویدا لە جۆرایەتیە وەك گۆڕان كاریو شتی تریش وەك ئەوبیستراوە داهێنراوانەی كە بیٚ ئاگات ئەكات لە بیستنو گویٚ گرتن لە قورئان، وە لە جۆرەها زیكرو ویردی فەقیهانی بەعزیك لە خەڵكی.

یان لە ئەندازەكەی وەك زیادكردن لە عیبادەتەكان ئەوەی دایهێنا دایهێنا، لە بەر كەموكوڕی دەس گرتنی بە لایەنە شەرعێكەیەوە، هەرچەندە زۆرێك لە بەندەكانو زانایان بەڵكو ئەمیرو دەسەلاٚت داران دەشێت عوزرو بەهانەیان ببیٚ لەوەی دایهێناوە لە بەر جۆریٚ لە ئیجتیهاد، جا مەبەست ئەوەیە بەڵگەی ڕاستو دروست بزانیٚ، هەرچەنە وازلیٚ هێنەری عوزرو بەهانەی ببیٚ لەبەر ئیجتیهادی[1] .

ئەمە ترسناك ترینو ئالۆزترین كێشەی موسڵمانانە، وە مەزنترین بەرپرسیاری بانگەوازخوازانە بۆ لای خوا چارەسەر كردنی دەبیٚ لەژێر ڕۆشنایی كتابی خواو سوننەتی پێغەمبەر خوا ﷺ، وە ڕێنمونی پێشینی چاكو پێشەوایانە ـ خوایان لیٚ ڕازی بێت ـ .

وادیارە ئەمە تاكە ڕێگەیەبۆ چارەسەر كردن، وە تاكە ڕێگەیە بۆ پاراستنی دەسەلاٚتو عیززەتو كەرامەتیان لە دونیا وەرزگار بوونیانو بەختەوەریان لە دوارۆژ :

﴿أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ۝٥٠﴾ [المائدة: ٥٠]. ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ۝٦٥﴾ [النساء: ٦٥].

---

[1] إقتضاء الصراط المستقيم (ص٢٨١-٢٨٢).

**وە لەکۆتایـدا:**داوا لـە خـوای گـەورە دەکـەم کـە ئوممـەت کۆبکاتـەوە لەسـەر کتـابی پەروەردگاریان‌و سوننەتی پێغەمبەریان، وە خوا بەرەکەت بخاتە بانگەواز خـوازانی، وە لە ناخیاندا خۆشەویستی بۆ حەق‌و جدیەتی نەبڕاوە بڕوێنێت، بۆ دەستەبەر کردنی ئـەم ئامانجە گەورەیە کە پەروەردگارمان دای ناوەو پێی ڕازییە .

بەڕاستی پەروەردگارمان بیسەری دووعایە .

وصلی الله علی نبینا محمد، وعلی آله وصحبه وسلم .

تەواوبووم پە یارمەتی خوای کەورە لە وەر گێیڕانی

ئەم کتابە لە فەجری ١٧/ربیع الثاني/١٤٢٩کۆچی

بەرامبەر بە ٢٠٠٩/٤/١٢ زاینی

کامران خالد

**أبو عبدالرحمن المظفري**